
# لەنێو فرەیی سیاسیدا لێبوردەیی یەکلایەنە نییە

## ئایا لێبوردەیی سنوور و کۆتایی هەیە؟





((ڤۆلتیر دەپرسێت: (لێبوردەیی چییە؟ لێبوردەیی دەرەنجامێکی لکاوە بە بوونی مرۆڤایەتیمانەوە.. ئێمە هەموومان هەڵە دەکەین، بۆیە دەبێت وەک کارێکی دوو لایەنەیە لەگەڵ یەکتری لێبوردەبین، ئەمەش پرانسیپی یەکەمی یاسای سروشت و پرانسیپی یەکەمی هەموو مافەکانی مرۆڤە)، بنەمای ئەم بۆچوونەی ڤۆلتیر لەسەر ئەودیدەی سۆکرات دامەزراوە کەدەڵێت: (من ئەوە دەزانم کە هیچ نازانم)، تێگەیشتن لەم راستیە بەسە بۆئەوەی لەگەڵ یەکتری لێبوردەبین و دوولایەنە لە یەکتری ببورین، بەڵام ئەمە بەس نییە و ناتوانین بەرگری لە لێبوردەیی بکەین ئەگەر هێرشکرایە سەر لێبوردەیی. لەبەر ئەوەی ڤۆلتیر بە روونی ئەوەی دەبینی دەبێت لێبوردەیی دوولایەنە بێت... ئەمەش واتە دەبێت هەردوولا بەرامبەر بە یەکتری لێبوردە بن، بەڵام ڤۆلتیر مەزندەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی نەدەکرد کە تیایدا لێبوردەیی پرانسیپێکی قبوڵکراو بێت، ئەمەش نەک تەنیا لەسەر شێوازی لێبوردەیی ئایینی، بەڵکو شێوازی لێبوردەیی سیاسیش قبوڵکراوبێت، هەروەها مەزندەی بۆ ئەوەش نەدەچوو لەناو کۆمەڵگەیەکی لەم جۆرەدا، کەمینەیەک (مەبەستی کەمینەی سیاسییە) دروست بێت، کە حەزی لێ نییە، لە بەرامبەر ئەو لێبوردەییەی زۆرینە بۆ ئەو هەیەتی، ئەو هیچ پێشکەش بکات، ئەمەش واتە کەمینەیەکی (سیاسی) بنەمای نالێبوردەیی پەسەند دەکات و ئەو تیۆرە پیادە دەکات کە توندوتیژی وەک پێویستی سەیر دەکات، تەنانەت دەگاتە ئەوەی کاری توندوتیژیش ئەنجامبدات، بۆ ئەم دیاردەیە ئەوەندە هۆکارمان لەبەر دەستە کە بمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی، ئەم جۆرە کەمینانە ئەگەر بۆ تەنیا یەک رۆژیش دەستیان بە دەسەڵات بگات، دیموکراتی رەتدەکەنەوە، ئازادی دەربڕین و لێبوردەیی ناهێڵن.. کێشەکەشمان ئالێرەدایە و پرسیار ئەوەیە: ئایا پێویستە لەسەرمان لەگەڵ ئەمجۆرە کەمینانە لێبوردەبین یان نە؟ ئەم پرسیارە دوو وەڵامی هەیە: ئەگەر لێبوردە نەبین لەگەڵیاندا بەوجۆرە دەردەکەوێت ئێمە پرانسیپە تایبەتیەکانی خۆمانمان رەتکردۆتەوە، وادەردەکەوێت لە لێبوردەیی پاشەکشێمان کردووە، سەرەنجام دەبینە مونافق، خۆ ئەگەر لێبوردەش بووین لەگەڵیاندا، ئەوا ئێمە قوربانییەکی گەورە دەدەین و بەرپرسیار دەبین لە کۆتایی هاتنی دیموکراتی و کۆتایی هاتنی لێبوردەیی.. ئەوانەی پەیڕەوانی ئەو بیریارە گەورانە بوون کە بەرگریان لە لێبوردەیی دەکرد، توانیان پەرە بە تیۆری لێبوردەیی و دیموکراتی بدەن و بەشێوەیەکی شایستە و بەهەموو توانایەکەوە توانیان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: (ئایا لەم بارودۆخە تازەیە کە تیایدا کەمینەیەکی سیاسیی پەیڕەوی نالێبوردەیی و تیۆری پێویستی توندوتیژی دەکات، دەبێت چی بکرێت؟) سەبارەت بەم پرسیارە هەموو بە روونی و راشکاوی ئەو واقیعەیان بینیووە و وتویانە: (ناکرێت لێبوردەیی بێ سنور بێت)...))

کارل پۆپەر
لێبوردەیی و بەرپرسیاریەتی فیکری

لەو کاتەوەی کۆمپانیای وشە لەلایەن نەوشیروان مستەفا دامەزراوە، پرسی دیالۆگ و یەکتری قبوڵکردن لەنێو لایەنە سیاسییەکاندا کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، ئەم کۆمپانیایە کە پاشان بەرهەمەکەی بوو بە لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ٢٠٠٩ بەشداریکرد و دواتریش ئەم لیستە بوو بە حزبی گۆڕان، نەریتێکی نامۆی بە کۆمەڵگەی دیموکراتی داهێناوە، ئەویش یەکتری ڕەتکردنەوە و یەکتری ناشرینکردن و مامەڵەکردنە لەگەڵ لایەنی بەرامبەر وەك دوژمن، بۆیە ئەگەر لەم راستەوە و لەدیدی حزبی گۆڕانەوە سەیری جیاوازی بکەین، ئەوا دەبێت راشکاوانە بەو جۆرە چەمکی جیاوازی پێناسە بکرێت، بەوەی جیاوازی بریتییە لەجیاوازی نێوان دۆست و دوژمن، ئەمە لەکاتێکدا چەمکی جیاوازی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بریتییە لە جیاوازی لەنێوان دۆستەکان، دیارە ئەگەر بە میتۆدی ئەدەبیاتی ئایدلۆژیەتی حزبی گۆڕان مامەڵە لەگەڵ جیاوازی کۆمەڵگە بکەین، ئەوا کۆمەڵگە دوو بەرەیە، ئەوەی ئەندامی حزبی گۆڕانە و هاوپەیمانە لەگەڵ گۆڕان دۆستە و ئەوەشی لەگەڵ ئەوان نەبێت دوژمنە، بۆیە کە کۆمەڵگە دابەشکرا لەسەر بنەمای دۆست و دوژمن، ئەوا لەنێوان دۆست و دوژمندا تەنیا سنور دروست نابێت، بەڵکو پەرژین یان دیواریش دروست دەبێت، هەروەك چۆن ئێستا لەنێوان کۆریای باشوور و کۆریای باکوور پەرژینێکی سیم هەیە و لەنێوان کەرتی غەزە و ئیسرائیل دیواری کۆنکرێتی هەیە، ئێستا حزبی گۆڕانیش دەیەوێت هەم پەرژینی ئیداری و هەم پەرژینی سیاسی لەنێوان خۆی و ئەویدی دروست بکات، ئەو حزبە لەبەر ئەوەی حزبێکی جەماوەریی نییە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و تەنیا کەمینەیەکە لەناو کۆی پرۆسەی سیاسی کوردستان، ئەوا ناتوانێت پەرژینی ئایدۆلۆژی گۆڕان بە چواردەوری هەموو کوردستانی باشووردا دروست بکات، ئێستا لەهەوڵی ئەوەدایە هەرێمی کوردستان ببێتە کۆمەڵێك زۆنی پەرژینکراو و دابەش بێت بەسەر پێگە و نفووزی حزبە سیاسییەکاندا، راشکاوانەتر دەیەوێت زۆنی سیاسیی حزبی گۆڕان کە تەنیا بەشێکی ناوشاری سلێمانییە نەك پارێزگای سلێمانی، بکاتە ئەو زۆنە پەرژینکراوەی سیاسەتی یەکتری ڕەتکردنەوە و تیۆری توندوتیژی وەك پێویستیەك تێدا گەشە بکات، لەم روانگەیەوە ئەگەر سیاسەتی حزبی گۆڕان بخوێنینەوە، ئەوا بێ هیچ شاردنەوەیەك و خۆشیان بە شانازییەوە ئەم سیاسەتە بەداهێنانێکی حزبەکەیان دەزانن، هەست دەکەین، بنەمای سەرەکی سیاسەتکردنی حزبی گۆڕان لەسەر ئەم دوو بنەمایەیە:

١. پێش ئەوەی لیستی گۆڕان و حیزبی گۆڕان بوونیان هەبێت، کۆمپانیای وشە کە لە رووکاردا بۆ ئەو ئامانجە دامەزرابوو لەسەر ئەو بنەمایە کاربکات، بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی توێژینەوە بە هاوتای ناوەندەکانی سینك تاکس لە رۆژئاوا، بەڵام بەداخەوە بەکردەیی لەسەر بنەمای نالێبوردەیی و یەکتری ڕەتکردنەوە و دروستکردنی پەرژینی سیاسی و گۆشەگیربوون کاری کرد.

٢. لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ لە بارودۆخێکی سیاسی تایبەتدا هەلی بۆ رەخسا لەسەر حسابی دەنگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ٢٥ کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێ، سەرۆکی حزبی گۆڕان لە روانگەی ئەم ئاکامەوە بەو جۆرە سایکۆلۆژیەتی سیاسیی خەڵکی کوردستانی خوێندەوە، بەوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ سیاسەتی یەکتری ڕەتکردنەوە و یەکتری قبوڵ نەکردنن، ئەمەشی وەك داهێنانێکی سیاسی حزبە مۆدیرنەکەی گۆڕان پیشاندا، ئەوجا بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان هەموویان سەرە بگرن و ببنە ئەندام و لایەنگری حزبی گۆڕان، نەوشیروان مستەفا داهێنانێکی دیکەشی لە سیاسەت داهێنا کە ئەویش پیادەکردنی تیۆری توندوتیژی بوو وەك زەرورەتێك بۆ سیاسەتکردن و بەدیلێك بۆ دیالۆگ و لێکتگەیشتن لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا، بەدیوێکی دیکە واتە ئەو بۆچوونە رادیکاڵیانەی کە حزبی گۆڕان وەك حزبێکی لۆکاڵی کەمینە دەیویست بەسەر کۆمەڵگە بیسەپێنێت و لە ژینگەی ئارام و دیموکراتی ڕەتدەکرانەوەو قبوڵ نەدەکرا، بۆیە بە پیادەکردنی تیۆری توندوتیژی هەوڵیدا ژینگەیەکی ناسەقامگیری ئەوتۆ دروست بکات، کە بۆچوونە رادیکاڵیەکانی خۆی فەرز بکات.

## لە یەکتری قبوڵنەکردنەوە بۆ پیادەکردنی توندوتیژی

سیاسەتی تازەی گۆڕان دوای هەڵبژاردنەکانی مارتی ٢٠١٠ی عێراق، پیادەکردنی تیۆری توندوتیژی بوو وەك پێویستیەك بۆ سیاسەتی یەکتری سڕینەوە و یەکتری قبوڵ نەکردن، ئەمەش بۆچوون و تەفسیری لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو نییە بۆ ئەوەی تۆمەت بۆ ئەو سیاسەتە دروست بکات کە حزبی گۆڕان لەو کاتەوە پیادەی دەکات، بەڵکو پێداویستی توندوتیژی وەك زەرورەتێك بۆ سیاسەتکردن لە حزبی گۆڕاندا، لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی ئەو حزبەوە شانازی پێوە دەکرێت

**ئەگەر بە میتۆدی ئەدەبیاتی ئایدیۆلۆژیەتی حزبی گۆڕان مامەڵە لەگەڵ جیاوازی کۆمەڵگە بکەین، ئەوا کۆمەڵگە دوو بەرەیە، ئەوەی ئەندامی حزبی گۆڕانە و هاوپەیمانە لەگەڵ گۆڕان دۆستە و ئەوەشی لەگەڵ ئەوان نەبێت دوژمنە**



**نەوشیروان مستەفا داهێنانێکی دیکەشی لە سیاسەت داهێنا کە ئەویش پیادەکردنی تیۆری توندوتیژی بوو وەک زەڕورەتێک بۆ سیاسەتکردن و بەدیلێک بۆ دیالۆگ و لێکتگەیشتن لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا**

و بە داهێنانێکی سیاسیی حزبە مۆدێرنەکەیانی دەزانن، خۆیـــان دەڵێن جیـــاوازی حزبی گـــۆڕان لەگەڵ حزبە تەقلیدییەکانی دیکـــەی وەك پارتی و یەکێتی ئەوەیە، کە ئـــەوان نازانن وەك حزبی گۆڕان سیاســـەت بکەن، لەمـــەش گاڵتەجاڕی تر ئەوەیە بـــە پارتی و یەکێتی دەڵێن حزبی هەیکەل ســـتالینی، بێگومان هەموو کەس خۆشـــحاڵ دەبوو، لەبەرامبەر حزبی هەیکەل ستالینی، نەوشیروان مســـتەفا حزبێکی هەیکەل مەهاتما گاندی دروســـت بکردایە و بڕوای بەتوندتیژی نەبوایە، بەڵام بەداخەوە ئەو تیۆری توندوتیژییەی سیاســـەتی گۆڕان پیـــادەی دەکات، تەنانەت ئەو حزبە شیوعیانەشـــی کە هەتا ئێستاش حزبی ســـتالینی بە راست دەزانن، شەرم دەکەن لە کۆمەڵگەی کۆمەنیستیشـــدا ئەو سیاســـەتە پیادە بکەن، بەڵگەش بۆ ئەمە چەپە پۆپۆلیســـتەکانی ئەمریـــکای لاتینە، راســـتە دژی دیموکراتی و دژی حزبی سیاســـی و دژی کۆمەڵگـــەی دامەزراوەیین، بەڵام هێشـــتا هێندەی حزبی گۆڕان بڕوایان بەوە نییە توندوتیژی بەو ئاســـتە زەڕورەتە بۆ سیاسەتکردن، بۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی راشکاوانە ئەو پرسیارە بکەین، بۆچی گۆڕان کە بوو بە حزب، زۆر بە راشکاوی پەنای بۆ تیۆری توندوتیژی برد وەك پێویستیەك بۆ سیاسەت کردن؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە مارتی ٢٠١٠ دەیداتەوەو، وەڵامەکەش ئەوەیە گۆڕان لەماوەی تەممـــوزی ٢٠٠٩ تا مارتی ٢٠١٠ کـــە نزیکەی ٨ مانـــگ دەکات، بەڕێژەی ٪ ٤٠_٤٥ دەنگەکانی هاتە خوارەوە، راشـــکاوانەتر لە هەڵبژاردنی کوردستان لە ٢٠٠٩ گۆڕان ٪٢٥ی دەنگەکانی هەرێمی کوردســـتانی هێنابوو، واتە لە کۆی ١٠٠ کورسی ٢٥ کورســـی بەدەســـت هێنابوو، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی عێراق گۆڕان لە کۆی ٥٧ کورســـی تەنیا ٨ کورسی بەدەست هێناوە ئەمەش مانای ئەوەیە رێژەی دەنگەکانی لەمـــاوەی کەمتر لە ٨ مانگدا ٪٢٥ دابەزیوە بۆ کەمتر لە ٪١٤.. بەپێچەوانەی گۆڕانەوە پارتی و یەکێتی کە بەلیستی ســـەربەخۆ دابەزیبوون جەماوەریان هەڵکشاوە، پارتی ٣١ کورســـی و یەکێتی ١٢ کورسی هێناوە، کە پێکەوە دەکاتە ٤٣ کورسی لەکۆی ٥٧ کورسی، ئەمەش مانای ئەوەیـــە پارتی و یەکێتی کە لـــە هەڵبژاردنی تەممـــوزی ٢٠٠٩ پێکەوە ٪٥٩ دەنگەکانیان بەدەســـت هێنابـــوو، لە هەڵبژاردنی مارتی ٢٠١٠ بەرز بۆتەوە بۆ ســـەرووی ٪٧٥، ئەم ئاکامەش بزووتنەوەی گۆڕانی بە



ئاستێك ترساند کە بیر لە پیادەکردنی توندوتیژی بکاتەوە، بۆیە ئەگەر لەماوەی مانگی ئایاری ٢٠١٠ تا مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١١ هەڵوەستەیەك لەسەر چۆنییەتی سیاسەتکردنی گۆڕان بکەین، هەست بە هەڵکشانی پیادەکردنی سیاسەتی توندوتیژ دەکەین، بەڵام لەرێگەی بەکارهێنانی میکانیزمەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی وەك (خۆپیشاندان، کەمپین دروستکردن، مانگرتن، شەڕە قسە و بەرامبەر ناشرینکردن ...تاد) بەردەوام بوو، ئەم سیاسەتە لەگەڵ ئەوەی دژی بنەماکانی سیاسەتکردنیش بوو لە کۆمەڵگەی دیموکراتی، بەڵام لەبەر ئەوەی بە میکانیزمی دیموکراتیانە ئەنجامدەدران، لەلایەن دەزگا شەرعیەکانی هەرێمی کوردستان وەك دیاردەیەکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و هەموو هەوڵی بەڕێزان مام جەلال و کاك مسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بۆ ئەوەبوو، حزبی گۆڕان بکەنە شەریك لەپرۆسە سیاسییەکە و لانی کەم رازی بێت بەوەی دەستبەرداری سیاسەتی یەکتری رەتکردنەوە و یەکتری سڕینەوە بێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەم هەنگاوانەی پارتی و یەکێتی و هەردوو سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی، لەبری ئەوەی حزبی گۆڕان وەك حزبێکی کەمینەی ئۆپۆزسیۆن لەناو پرۆسەی سیاسیی خزمەتی پرۆسەکە و پاراستنی سیستمە دیموکراتیەکە بکات و لەگەڵ پارتی و یەکێتی زیاتر بکرێتەوە، بەداخەوە گۆڕان بیری لە کودەتا دەکردەوە بەسەر دامەزراوە شەرعی و دیموکراتیەکانی هەرێمی کوردستان و هەر بۆیە لەگەڵ دەسپێکی خۆپیشاندانەکانی زستانی ٢٠١١ لە تونسەوە و پاشانیش کە میسری گرتەوە و موبارەك رووخا، حزبی گۆڕان بەتەنیا، کە هەندێك دەڵێن خودی نەوشیروان مستەفا بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی حزبی گۆڕانیش، سیاسەتی توندوتیژی خۆی لەمیانەی بەیانە حەوت خاڵیەکەی لە ٢٠١١/٧/٢٩ راگەیاند و بە ئاشکرا داوای هەڵوەشانەوەی تەواوی دامەزراوە شەرعیەکانی کوردستانی کرد، لەبەرامبەر ئەم بەیاننامەیە کە کودەتایەك بوو بەسەر دیموکراتیدا لەلایەن کەمینەیەکەوە، نەك هەر پارتی و یەکێتی راچڵەکاند بەڵکو تەواوی حزبە سیاسییەکانی دیکەشی بە کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامیەوە راچڵەکاند و بەکارێکی سەیر و سەمەرەیان لەقەڵەمدا، لەبەر ئەوەی لایان سەیر بوو حزبێکی لۆکاڵی کەمینە هەوڵبدات کودەتا بەسەر دامەزراوە شەرعیە هەڵبژێردراوەکانی کوردستاندا بکات،

**ئەو تیۆری توندوتیژییەی سیاسەتی گۆڕان پیادەی دەکات، تەنانەت ئەو حزبە شیوعیانەشی کە هەتا ئێستاش حزبی ستالینی بە راست دەزانن، شەرم دەکەن لە کۆمەڵگەی کۆمەنیستیشدا ئەو سیاسەتە پیادە بکەن**

بۆیە لەم حاڵەتی گۆشەگیربوونە سیاسییەی حزبی گۆڕان تێیکەوت، هەوڵیدا بە ڕێگەی دروستکردنی ئاڵۆزی ئاشکراکردنی دوژمنایەتی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بارودۆخەکە بشێوێنێت، ئەمەشی لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ جێبەجێ کرد و لەبری ئەوەی خۆپیشاندەران پیرۆزبایی لەگەڵی میسر بکەن، تەنانەت داوای دادپەروەری بکەن، ئاراستەی خۆپیشاندان گۆڕا بۆ دوژمنایەتی پارتی و بارەگاکانی، بەبێ ئەوەی پارتی لەو ناوچانە دەسەڵاتی ئیداری گەورەی هەبێت.

**حزبی شمولی و بەکارهێنانی یاساکانی دیموکراتی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات**

زۆربەی ئەو تۆژەر و ئەکادیمیانەی کار لەسەر دیاردەی ئیسلامی سیاسی دەکەن و لەسەر ئەو هۆکارانە بە پاشکۆی ئەوان دەزانن، هەوڵدەدەن ڕێکخستنێکی تۆکمە لەسەر ئاستی ئەندامەکانیان وەك کەمینە دروست بکەن و سیاسەت لەسەر ئاستی شەقام و گوتاردان و بانگخوازی بۆ ئەوەی (ئیسلام تەنیا چارەسەرە) دەکەن، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی میللی و جەماوەری جێگەی خۆیان بکەنەوە، ئەمەش دیاردەیەك بەرهەم دەهێنێت کە بانگخوازەکانی حزبە ئیسلامیەکان لەسەر زارەوەکانی حەڵاڵ و حەرام و بەهەشت و جەهەنەم قسە دەکەن و زیاتر ئامانجیان ئەوەیە کە خەڵك لەواقیعەکە نامۆ و بێ ئومێد بکەن بۆ ئەوەی دوای ئەم هەنگاوە خۆیان لەناو ئەو حزبە ئیسلامیانە ببیننەوە یان لەدەوری ئەو حزبە ئیسلامیانە کۆببنەوە، بەمەش ئامانجی ئەم حزبە ئیسلامیانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئایدۆلۆژیەتێکی

**دیموکراتی لە هزری ئیسلامی سیاسیدا هۆکارە بەگەیشتن بە ئامانجێک، نەک حزبە ئیسلامیەکە هۆکارێک بێت بۆ گەیشتن بەدیموکراتی**



هەڵوەستە دەکەن کە دەبێتە هۆکاری هەڵکشانی حزبی ئیسلامی سیاسی و هەڵکشانی توندوتیژی لەناو ئەو حزبە سیاسییە ئیسلامیانە، هەتا دەگاتە ئەوەی هەندێك حزبی ئیسلامی سیاسیی دەگاتە ئەو توانایەی خەڵك ئامادەبکات بۆ خۆکوژی و خۆتەقاندنەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکان لەیەك خاڵدا کۆبکەینەوە، دەتوانین بڵێین هۆکارەکەی بوونی نائومێدیە بە دیاردە، واتە کە خەڵك لە کۆمەڵگە لە ئاکامی نەبوونی دادپەروەری و نەبوونی خزمەتگوزاری و نەبوونی کار نائومێد دەبێت، ئەوا دەگاتە ئەو ئاستەی بۆ ڕەوینەوەی ئەو نائومێدیە پەنا بۆ هەموو کارێك بەرێت، بۆ ئەمە سەرکردەی حزبە ئیسلامیەکان بە تایبەتی حزبە ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئەوانەشی خۆیان شمولی گشتگیر لە سەر تەفسیرێکی سیاسی بۆ ئایین لە کۆمەڵگە دروست بکەن و ئاستی ئەم سیاسەتەشیان هاوتای دەقەکانی قورئان دەکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕەخنە لە حزبێکی ئیسلامی بگیریت، وا دەربکەوێت، ڕەخنە لە قورئان گیراوە، لەمەش گرنگتر ئەم حزبە ئیسلامیانە ڕاستە یاساکانی گەمەی دیموکراتی وەك میکانیزمێك بەکار دەهێنن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بەڵام کە گەیشتنە دەسەڵات کار بەدیموکراتی ناکەن، ئەمەش ڕاشکاوانە واتە دیموکراتی لە هزری ئیسلامی سیاسیدا هۆکارە بەگەیشتن بە ئامانجێك، نەك حزبە ئیسلامیەکە هۆکارێك بێت بۆ گەیشتن بەدیموکراتی، بۆیە لەم حاڵەتەدا حزبی سیاسی ئیسلامی هەڕەشەیە بۆ سەر دیموکراتی، بەڵام وەك تەواوی بیرمەندانی بەرگریکار

لــە تیۆری لێبوردەیی جەختی لەســەر دەکەنەوە، هەتا ئەم مەترســیە لە چوارچێوەی بانگخوازی و رێنمایی و کاری جەماوەری بێت بەشــێوەیەکی مەدەنیانە، ئەوا دەبێــت کۆمەڵگەی دیموکراتی بــواری پێبدات و ئەو ژینگەیەش بپارێزێت بۆ ئەوەی بە ئازادی کاری خۆیان بکەن، بەڵام کــە گۆڕا بۆ نالێبوردەیــی بەکردەیی و هەوڵــدان بۆ پیادەکردنی تیۆری توندوتیژی ئەوا دەبێت ســنورێکی بۆ دابنرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ســنوری بۆ دانەنرێت، لێبوردەیــی و پێکەوەژیان لەکۆمەڵگەی دیموکراتی دەکەوێتە مەترسیەوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا تەنیا فیکری شمولی ئیسلامی سیاســی بڕوای بەدیموکراتی نییــە و دیموکراتی وەك هۆکارێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات سەیر دەکات؟ مێژووی دیموکراتی لە وەڵامی ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت، هەموو ئایدلۆژیەتێکی سیاسیی شمولی وەك حزبی ئیسلامی سیاســیی ســەیری دیموکراتی دەکات، هەر بۆ نموونە ئەگەر وەك ئوسامە بن لادن و بزووتنەوەی تاڵیبان بۆیان بلوێت، ئەوا چۆن لە ئەفغانســتان ئیمارەتی ئیسلامیان راگەیاند، ئەوا لەهەموو شــوێنێك هەمان شت دووبارە دەکەنەوە، فیکرە شمولیە چەپەکانیش کە ناتوانن بەرامبەر قبوڵ بکەن و ناتوانن دەســتبەرداری رادیکاڵیەت ببن و وەربچەرخێــن بۆ لێبوردەیی و تولێرانس، ئەوا وەك چۆن لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشان شانازیان بە دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیزمەوە دەکرد، ئێســتاش ئەگــەر بۆیان بلوێت هەمان ســیناریۆ دووبارە دەکەنەوە، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە بۆچی حزبە سۆشیالیســتیەکانی رۆژئاوا توانیان لەگەڵ لیبرال دیموکراتی بگونجێن و پەرەش بە دیموکراتی بدەن، بەڵام لەوڵاتانی پۆست کۆمۆنیست و جیهانی ســێهەم ئەم کارەیان پێ ناکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە دوولایەن دەدرێتەوە:

١. لــە وڵاتانی لیبرال دیموکراتــی رۆژئاوا لێبوردەیی ســنوری هەیە، تەنانــەت رێزگرتن لە پرانســیپەکانی دیموکراتیــش مەرجــدارە بە ئاســتی دیموکراتی ئەو حزبە سیاســییەی کە پرۆســەی هەڵبژاردن دەباتەوە، هەر بــۆ نموونە ئەگەر حزبێك ئەفــکاری نازیانە بێت و هەڵبژاردنیش بباتەوە رێگە نادەن حکومەت دروســت بکات، لەبەر ئەوەی ئەوە مەترســی لەســەر سیستمە دیموکراتیەکە دروست دەکات. تەنانەت حزبێکی چەپ یان سۆشیالیستیش هەڵبژاردن بباتەوە بیەوێت بنەمای ئابووری بازاڕ بگۆڕێت بۆ بنەمای ئابووری دەوڵەتی، دیسان ئەمەش رێگەی پێنادرێت لە حکومەتدا بمێنێتەوە، راشــکاوانەتر دیموکراتــی گرێدراوەتەوە بەو دەســتورە لیبرالیەی کە بنەمای سیستمە دیموکراتیەکەی لەسەر دامەزراوە، پێچەوانەی ئەو دەستورە قبوڵ ناکرێت.

٢. بەڵام لە وڵاتانی جیهانی ســێهەم و وڵاتانی پۆست کۆمونیست بە تایبەتی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشــوو، کە بنەمایەکی لیبرالیان نییە هەتا دیموکراتی لەســەر بونیاد بنێن، ئەوا دەبینین رێگە بۆ ئەوە خۆش دەبێت یاساکانی گەمەی دیموکراتی بکەوێتە خزمەتی ئەو چەپە شــمولیانەی کە بڕوایان بەدیموکراتی نییە، یان ئەو حزبە ئیســلامیە سیاســییانەی کە بڕوایان بە دیموکراتی نییە، ســەبارەت بــە وڵاتانی عەرەبی، ئەو

**ئایا هاوپەیمانی نێوان کۆمەڵ و یەکگرتوو و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چ ئامانجێکە؟ ئەگەر بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتە پرسیار ئەوەیە ئایا چ خاڵێک ئەم سێ لایەنە لەسەر شێوازێکی سیستمی حکومڕانی کۆدەکاتەوە؟**



حزبانەی فێڵ لەدیموکراتی دەکەن و یاساکانی گەمەی دیموکراتی دەگۆڕن بۆ پەیڕەی گەیشتنە دەسەڵات، ئەوە حزبە سیاسییە ئیسلامیەکانن، بەڵام لەو وڵاتانەی کە پاشخانێکی چەپی شۆڕشگێڕییان هەبووە لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی وەك بەشی زۆری دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی و هەرێمی کوردستان تاردەیەك بەوجۆرە بووە، هەست دەکەین ئەم گەمەیە لەلایەن ئەو فیکرە شمولیە چەپانەوە پیادەکرێت کە بڕوایان بە دیموکراتی نییە، دیارە لێرەدا مەبەست لە بڕوابوون بە دیموکراتی تەنیا بڕوا بوون بە سندوقەکانی دەنگدان نییە، بەڵکو بڕوابوونە بەو بنەمایانەی دەستوری لیبرالی لەسەر دادەڕێژرێت و دامەزراوەکانی دەوڵەتی لەسەر دادەمەزرێت و لەچوارچێوەی ئەو دامەزراوانە حکومڕانی دەکرێت و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێ ڕێکدەخرێت.

ئەگەر ئەم جیاوازییەی نێوان کۆمەڵگە دیموکراتەکانی رۆژئاوا و کۆمەڵگە دیموکراتیەکانی جیهانی سێهەم لەبەر چاوبگرین، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە بۆچی دیموکراتی لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا کە هەم وڵاتانی دوای شەڕ و هەمیش وڵاتانی جیهانی سێهەم بوون، گەشەی دیموکراتی هاتە ئاراوە و پرۆسەی دیموکراتی لەلایەن چەپ یان حزبە ئایینەکانەوە لەبار نەبرا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە مێژووی بونیادنانەوەی ئەو دەوڵەتانە دەماندەتەوە، بەوەی هیچ کام لەم وڵاتانە پێش بونیادنانی بنەماکانی لیبرالیزم هەنگاوی گەورەیان بۆ دیموکراتی هەڵنەگرتووە، راستە ئێستا ژاپۆن و کۆریای باشور و سەنگافورا و تایوان و تارادەیەك مالیزیا وەرچەرخانی گەورەیان لە هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیموکراتی هەڵگرتووە، بەڵام دەبێت ئەو راستیە نادیدە نەگرین، کە هۆکاری وەرچەرخانی دیموکراتیەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بونیادنانی بنەماکانی لیبرالیزم، لەسەر ئەو بونیادە لیبرالیە دیموکراتی گەشەی کردووە، لەمەش نمونەمان هەیە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی ئەندامن لە رێکخراوی کۆمۆنویلیس کە یەکێکیان پاکستانە، لەدوای سەربەخۆبوونییەوە بە حساب هەڵبژاردن پیادە دەکات، بەڵام نەك هەنگاوێك لەدیموکراتی نەچۆتە پێشەوە، بەڵکو گەڕاوەتەوە بۆ دواوە.

ئەم دیاردەیە بۆ وڵاتانێك بوو کە تێیدا فیکری شمولی دەتوانێت بە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە زۆرینە بەدەست بهێنێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر حزبە شمولیەکان کەمینە بوون، ئایا هەر مەترسی بۆ سیستمی دیموکراتی دروست دەکەن؟ بۆیە لێرە دەکرێت لەسەر ئەو حاڵەتە هەڵوەستە بکەین کە تێیدا حزبە شمولیەکان کەمینەن.

**تێگەیشتنی کۆمەڵ و یەکگرتوو وەک دوو لایەنی ئیسلامی بۆ دیموکراتی، بچووککردنەوەی دیموکراتیە بۆ سندوقی دەنگدان و بەکارهێنانی سندوقی دەنگدانە وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات**

### حزبی شمولی کەمینە لەناو گەمەی دیموکراتیدا

ئەگەر راستەوخۆ لەژێر ئەم تایتڵە بارودۆخی کوردستان شرۆڤە بکەین و هەڵوەستە لەسەر عینادی و رەتکردنەوەی سازان و دیالۆگ لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بەرامبەر یەکێتی و پارتی بکەین، ئەوا دەبێت لەو راستەوە پرسیار بوروژێنین ئایا هاوپەیمانی نێوان کۆمەڵ و یەکگرتوو و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چ ئامانجێکە؟ ئەگەر بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتە پرسیار ئەوەیە ئایا چ خاڵێك ئەم سێ لایەنە لەسەر شێوازێکی سیستمی حکومڕانی کۆدەکاتەوە؟ یان تەنیا بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتە ئەو سیستمە دیموکراتی بێت یان نە؟

ئەگەر راشکاوانەتر و قووڵتر لەسەر دیموکراتی قسە بکەین وەك پرۆسەیەکی لیبرال دیموکراتی نەك تەنیا سندوقی دەنگدان، ئەوا هیچ گومانی تێدانییە کۆمەڵ و یەکگرتوو بڕوایان بە دیموکراتی هەیە وەك سندوقی دەنگدان، بەڵام نە لەرووی مافەکانی کۆمەڵگەی لیبرالی نە لەرووی پیادەکردنی ئابووری لەچوارچێوەی سیستمی لیبرالیدا، ئەوان نەك بڕوایان پێی نییە، بەڵکو بەشێك لەو مافانەی لە کۆمەڵگەی لیبرالی وەك مافی ئازادی و چالاکی مەدەنی سەیر دەکرێت، ئەوان بە حەرامی دەزانن، هەروەك سیستمی بانکی لیبرالی بە ریبا وەسف دەکەن، ئەم حزبە ئیسلامیانە ئەمەیان نەشاردۆتەوە هەر بۆ نمونە کە باس لە هەموارکردنی ماددەی ٦ی دەستوری هەرێمی کوردستان کرا، راشکاوانە هەردوو حزبە ئیسلامیەکە(کۆمەڵ و یەکگرتوو) رایانگەیاند ئەگەر ماددەی ٦ی دەستور هەموار بکرێتەوە شەڕی لەسەر دەکەن. کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت تێگەیشتنی کۆمەڵ و یەکگرتوو وەك دوو لایەنی ئیسلامی بۆ دیموکراتی، بچووککردنەوەی دیموکراتیە بۆ سندوقی دەنگدان و بەکارهێنانی سندوقی دەنگدانە وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ئەگەر هەردوو حزبی یەکگرتوو و کۆمەڵ دەتوانن ئەم راستیە پێچەوانە بکەنەوە، با لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانیانەوە مافەکانی تاك و گرووپ و رێکخراوەکان و بنەمای ئابووری بازاڕ لە کۆمەڵگەی دیموکراتی بڵاو بکەنەوە و زانیاری ناو ئەم راپۆرتە رەتبکەنەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا حزبی گۆڕانیش تەنیا دیموکراتی لەچوارچێوەی سندوقی دەنگدان بچووك دەکاتەوە، یان ئەو بەکردەیی هەوڵ بۆ بونیادی سیستمی لیبرال دیموکراتی دەدات و هەنگاو

هەڵدەگرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە ناکرێت بە مەزندە و گومان وەڵام بدرێتەوە، بەڵکو بە پیشاندانی سکێچی ئاراستەی سیاسەتی گۆڕان وەڵام دەدرێتەوە، ئەگەر سەیری سکێچی ئاراستەی سیاسەتی گۆڕان بکەین، هەست دەکەین ئەم حزبە وەك حزبێکی چەپی شمولی بنەماکانی سیستمی لیبرالی بەحەرام نازانێت، بەڵکو ئەو نایشارێتەوە ئەو بنەما لیبرالیەی دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی لە رۆژئاوا بەرهەم هێناوە، هەمان ئەو بنەما لیبرالیە ئابووریەیە کە فاشیزمی بەرهەم هێناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کێشەی سەرەکی ئایدۆلۆژیەتی سیاسەتی گۆڕان لەگەڵ سیستمی لیبرال دیموکراتیە، ئەو لە بناخەوە بڕوای بە سیستمی لیبرال دیموکراتی نییە، بۆیە ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی سیاسیی ئەم حزبە چەپە شمولیە بکەین، هەست دەکەین هێندەی قسە لەسەر گەندەڵی و هەژاری و نادادپەروەری دەکەن وەك دەرهاویشتەی دامەزراوەکانی سیستمی لیبرال دیموکراتی، هێندە باسی چۆنییەتی چارەسەرکردنی گەندەڵی و کەمکردنەوەی هەژاری و هەنگاو هەڵگرتن بۆ وەرچەرخانی نادادپەروەری بۆ دادپەروەری ناکەن، لەمەشدا کاتێك دەتەوێت دیالۆگیان لەگەڵ بکەیت، ئەوان راشکاوانە بۆچوونی خۆیان بە هەقیقەت دەزانن و ئامادەنین دیالۆگ بکەن، بەڵام ئامادەن شەڕە قسە بکەن و بەرامبەر ناشرین بکەن.

کەواتە لە روانگەی سیاسەتی پیادەکراوی گۆڕانەوە، لەبەر ئەوەی هەموو شتێك لە سیستمی دیموکراتی لیبرالی رێژەییە و موتڵەق نییە، ئەوا ئەم رێژەییبوونە رەتدەکرێتەوە، پەروەردەی سیاسەتی گۆڕان بۆ کادرانی بەو جۆرەیە کاتێك رەخنەیان لێدەگیرێت وەك ئەوە پیشانی دەدەن کە سووکایەتیان پێکراوە، بۆیە بەتوندی و وەرچەرخانی ئاراستەی موناقەشەکە دەکەونە سەر بابەتی لاوەکی و تێکەڵکردنی کارتەکان و تێکدانی موناقەشەکان، هەر بۆ نموونە کاتێك دەڵێن ئەم سیستمە سیاسییە هەمووی گەندەڵە و پێویستە ئەم سیستمە بگۆڕدرێت، پرسیار لەوەی ئەم سیستمە بۆچی شێوەیەك بگۆڕین؟ لە بەیانە حەوت خاڵیەکەی ٢٠١١ یان داوا دەکەن بگۆڕێت بۆ حکومەتێکی تەکنۆکراتی، باشە با لێیان بپرسین ئەم ئەزموونە جوانەی داوای دەکەن حکومەت بگۆڕن بۆ حکومەتێکی تەکنۆکرات، لەکوێ پیادەکراوە و لەکوێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە؟ لەوانەیە باشترین وەڵامیان ئەوەبێت لە ئیتالیا، باشە با پرسیاریان لێ بکەین ئایا حاڵی حکومەت لە ئیتالیا زۆر باشە و زۆر سەقامگیرە؟ دیارە کە وەڵامی ئەم پرسیارەیان پێ نییە یان ناتوانن بە خەڵك بڵێن خراپترین حاڵەتی ناسەقامگیری حکومەت لە جیهاندا ئیتالیایە، دێن بە پارتی و یەکێتی دەڵێن ئێوە حزبی فاشین یان دووبارە بوونەوەی حزبی بەعسن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك بە پارتی و یەکێتی دەڵێن فاشی یان دووبارە بوونەوەی حزبی بەعس، بۆ لەم کاتەدا ویژدانی سیاسیان ناجووڵێت و پرسیارێکی ئەخلاقی لەخۆیان بکەن، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی لە بۆچوونەکەی خۆیان پاشگەز ببنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی رێز لە ئیرادەی میللەتی خۆیان بگرن، با لەخۆیان بپرسن ئەگەر پارتی و یەکێتی فاشیزمیش بن، بۆ خەڵکی کوردستان ئامادەیە دەنگ بدا بە فاشی بەڵام ئامادەنییە دەنگ بدات بە ئێوە؟ ئەم پرسیارە دەبێت هەموو رۆژێك جارێك ویژدانی سیاسی سەرکردەکانی حزبی گۆڕان بهەژێنێت، لەبەر ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بە سلبی لەسەر پارتی و یەکێتی تەواو نابێت، با سەیر بکەن، بزانن خەڵکی کوردستان لەچ خانەیەك پۆلێنیان دەکاتەوە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە هەڵوێستی رۆشنبیرانی ئەوروپا بکەین کە لەسەردەمی پێش تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی پشتگیری شیوعیەتیان دەکرد دژی فاشیزم و نازیزم، ئەوان لەوەڵامی پشتگیریان بۆ شیوعیەت لەبەرامبەر نازیەت و فاشیزم وەڵامیان ئەوەبوو، هەرچۆنێك بەراوردمان دەکرد شیوعیەت لە فاشیزم و نازیزم باشتر بوو، بۆیە لایەنگیری شیوعیەتمان دەکرد، ئێستا خەڵکی کوردستان باخۆیان بەراورد بکەن ئێوە ئەڵێن پارتی و یەکێتی دوو حزبی نازین یان دووبارە بوونەوەی حزبی بەعسن، خەڵك کە بەراورد لەنێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو بکات، زۆربەی زۆریان دەنگی خۆیان بە پارتی و یەکێتی دەدەن، ئەوە لایەنێکی سیاسیی نییە بە ئێوە ئەڵێت فاشی یان نازی، ئەوە ئێوەن بەرامبەر ئەکەن بە نازی و فاشی، لە خۆتان بپرسن لەچاوی خەڵکی کوردستان و لە بڕیاری سەر سندوقی دەنگداندا، ئێوە خۆتان چۆن سەیر دەکرێن، ئەمە پراکتیزە دەبێت لەسەر شێوازی کاری ئۆپۆزسیۆنی ئەم سێ لایەنە بەگشتی و حزبی گۆڕان بە تایبەتی، ئەگەر گوێ لە ئەندام پەرلەمانەکانی حزبی گۆڕان بگرین، خۆیان بەشداری لە پەرلەمان، کەچی بە پەرلەمان دەڵێن دیوەخان، خۆیان چی خوا پێی ناخۆشە لە پەرلەمان دەیکەن، کەچی دەڵێن لەم پەرلەمانە ئازادی نییە، کە باسی کارە باشەکانی پەرلەمانیش دەکەین، ئەوان هەموو ئەو یاسا باشانە دەکەنە پرۆژە و پێشنیاری ئۆپۆزسیۆن، لێرەدا جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لە ئۆپۆزسیۆن بکەین

**ئەگەر گوێ لە ئەندام پەرلەمانەکانی حزبی گۆڕان بگرین، خۆیان بەشداری لە پەرلەمان، کەچی بە پەرلەمان دەڵێن دیوەخان، خۆیان چی خوا پێی ناخۆشە لە پەرلەمان دەیکەن، کەچی دەڵێن لەم پەرلەمانە ئازادی نییە، کە باسی کارە باشەکانی پەرلەمانیش دەکەین، ئەوان هەموو ئەو یاسا باشانە دەکەنە پرۆژە و پێشنیاری ئۆپۆزسیۆن**



**لەناو سیستمی دیموکراتی بەدیل بۆ دیالۆگ نییە، واتە ئەگەر کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر نەکرێن بە شێوازی دیکەش چارەسەر ناکرێن، بۆیە ئەگەر حزبێک پێی وابێت لە کۆمەڵگەی دیموکراتی شێوازێکی باشتر لە دیالۆگ بوونی دەبێت، ئەوا ئەمڕۆش بیشارێتەوە سبەینێ ئاشکرای دەکات خۆی دژی دیموکراتیە**

کە پرۆژە و پێشنیاری باش پێشکەشی پەرلەمان دەکەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر پارتی و یەکێتی دوو حزبی فاشی بن، ئەوا پەرلەمانتارەکانیشان هەروا بیر دەکەنەوە و هیچ شتێکی ئێوە قبوڵ ناکەن، ئێوەش بەو ژمارە کورسییەی هەتانە پرۆژە یاساتان پێ تەواو نابێت، ئایا چۆن توانیتان ئەو یاسایانە دەربکەن، ئەگەر زۆرینەی پارتی و یەکێتی دەنگی پێ نەدابێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر پارتی و یەکێتی وەك لیستی کوردستانی کە لیستی زۆرینەن پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش کردبێت، ئێوە وەك ئۆپۆزسیۆنێکی مۆدێرن چۆن پێشوازیتان لێکردووە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بینمان، بە مایك فڕاندن و بە تێکدانی هۆڵی پەرلەمان و شکاندنی دەرگاکان وەڵامتان دانەوە.

## چۆن دیالۆگ لەگەڵ کەمینەی سیاسی شمولی دەکرێت

ئایا پرانسیپەکانی دیالۆگ لە ڕووی فیکرییەوە چین و چۆن دیالۆگ دەست پێدەکات؟ ئایا حزبێکی سیاسی خۆی وادەبینێت خۆی خاوەنی هەقیقەتە و هەقیقەتی بابەتی بوونی نییە، چۆن دیالۆگی لەگەڵ دروست دەکرێت؟ لەبەرامبەر ئەم پرسیارە جوانترین داهێنانی حزبی گۆڕان ئەوەیە کە دەڵێن ئێمە بۆ کۆبوونەوە بەشداری کۆبوونەوە ناکەین، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر لەو کۆبوونەوەیەی دەکرێت، ئەوەی ئەوان پێشوەختە بڕیاریان لەسەرداوە، پارتی و یەکێتی وەك فەرمانی سەربازی وەرینەگرن و جێبەجێی نەکەن، ئەوا ئەوان لەو کۆبوونەوەیە بەشداری نابن، ئەمەش واتە بەکارهێنانی دوو حزبی گەورەی وەك پارتی و یەکێتی کە جێگەی متمانەی ٪٧٥ زیاتری خەڵکی کوردستان(بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی عێراق کە تازەترە لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان) ببنە دوو ئامێر بۆ جێبەجێکردنی فەرمایشتەکانی حزبی گۆڕان، ئەمە تانووت لێدان نییە لەشێوازی حزبی گۆڕان بۆ سیاسەت کردن، بەڵکو لەناو قاموسی سیاسییدا پێناسەیەك نییە کە بتوانێت ئەم تێگەیشتنەی حزبی گۆڕان بۆ دیالۆگ و فرەیی و پێکەوەژیان لەخۆی بگرێت.

ئەگەر ئەم شێوازە بخەینە ژێر ڕەخنەیەکی مەعریفی و بپرسین ئایا ناکرێت، ئەم سیاسەتەی گۆڕان پیادەی دەکات بنەمایەکی مەعریفی تایبەتی هەبێت؟، بێگومان لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین حەتمەن بنەمایەکی فیکری و مەعریفی هەیە، بەڵام نابێت ئەو ڕاستیەش لەبەر چاو نەگرین کە هەموو سەرچاوەیەکی توندوتیژ بنەمایەکی فیکری و مەعریفی هەیە، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئەم بنەما فیکری و مەعریفیە لەگەڵ کۆمەڵگەی دیموکراتی یەکدەگرێتەوە؟ ئەوا مێژووی فیکر لەوەڵامی ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت، ئەو فیکر و مەعریفەیە هەتا ئەو ئاستەی مەترسی لە سەر کۆمەڵگە و سیستمی دیموکراتی دروست ناکات جێگەی دەبێتەوە، بەڵام خودی ئەم فیکرە بۆ لەناوبردنی سیستمی دیموکراتیە، هەروەك بیرمەندانی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرتی بۆ نموونە هیربەرت مارکۆز خۆی لەژێر سایەی سیستمی لیبرال دیموکراتی لە فاشیزم هەڵهاتبوو بۆ ئەمریکا، لە ئەمریکا کتێبی بڵاو دەکردەوە و هەر چاپخانەکانی ئەمریکا بۆیان چاپ دەکرد و یاساکانی ئەمریکا بواریان دەدا بڵاوبێتەوە، کەچی دەینووسی حزبی دیموکراتی و کۆماری ئەمریکا لەگەڵ فاشیزم جیاوازی نییە، دەینووسی، سیستمی لیبرال دیموکراتی ئەمریکا لەگەڵ نازیزمی هیتلەر جیاوازی نییە، لەمەش گرنگتر زۆرێك لەو سەرکردە حزبە ئیسلامیانەی کە ڕوویان کردۆتە



هەندەران بۆ نموونە کەسێکی وەك ئەبوو حەمزەی میسری کە یەکێکە لە توندڕۆکانیش بەڵام لەبەریتانیا دەیتوانی بەریتانیا بە شەیتان ناوبەرێت، هەتا نەیگەیاندە ئەو ئاستەی بەکردەیی مەترسی لەسەر کۆمەڵگەی بەریتانیا دروست بکات، حکومەتی بەریتانیا قسەکانی بە ئازادی رادەبڕین لەقەڵەم دەدا. بەڵام ئەم پرسە لەو خاڵەدا کۆتایی دێت، کە توندوتیژی لە گوتارەوە بگۆڕێت بۆ کردار، ئەم حاڵەتە کە ئێستا بۆتە تەڵەزگەیەك بۆ سیاسەتی گۆڕان، لەبەر ئەوەی حزبی گۆڕان تەواو گەیشتۆتە قەناعەت گوتاری توندوتیژی ناتوانێت لەو تەڵەزگە سیاسییە رزگاری بکات، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەم توندوتیژییە لە ئاستی گوتارەوە بگوازێتەوە بۆ پراکتیك، ئەمەشی بۆ سەر بگرێت ئەوا مانای ئەوەیە دەبێت سنوور بۆ لێبوردەیی دابنرێت بۆ ئەوەی دیموکراتی بپارێزرێت.

ئەم بۆچوونە کە لەوانەیە هەندێك وەك کاردانەوە سەیری بکەن، بەڵام راشکاوانە دەڵێین ئەم بۆچوونە هەڵکۆڵینە بە قووڵایی چەمکە سیاسییەکان، ئێمە لەسەر چەمکە سیاسییەکان قسە ناکەین، بەڵکو ئەوە چەمکە سیاسییەکانن خۆیان دەدوێن پێمان دەڵێت ئاڕاستەی ئەم سیاسەتە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەچێت، بۆ ئەمەش دەکرێت ئاماژە بەچەند خاڵێك بکەین:

١. حزبێکی سیاسی نەیەوێت پەنا بۆ توندوتیژی ببات و بڕوای بە دیالۆگ و سازان و لێکتێگەیشتن هەبێت، لەو سیاسەتە چەقبەستووەی خودی حزبەکەی دوور دەکەوێتەوە و هەنگاو بەرەو نزیکبوونەوە بەرەو ئەویدی هەڵدەگرێت.

٢. حزبێك بڕوای بە دیالۆگ هەبێت، رێچکەی دیالۆگ بایکۆت ناکات، بەڵکو لەسەر ئەو رێچکەیە بەردەوام دەبێت، بەردەوام بوون نەك بەمانای ئەوەی تەسلیمبوون بە ئیرادەی بەرامبەر یان گەیشتن بەلانی کەمی رازیبوون، نەخێر بەردەوامی بۆ دروستکردنی جیاوازی زیاتر بەرهەمهێنانی فیکری جیاواز، ئەمەش مانای ئەوەیە رازیبوون لە ناو پرۆسەی دیالۆگ، بەو مانایە نییە کە رازیبین لەسەر ئەو لایانەی خۆمان پێی رازین، بەڵکو رازی بوون بەو حاڵەتە نادڵنیایی و نارازییەی لەناو پرۆسەکەدا بوونی هەیە، واتە کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێ بە رووی چارەسەرکردنی کێشەکاندا.


٣. حزبێك بڕوای بە دیالۆگ هەبێت لەو خاڵانەی لێك جیاوازین و دابڕان و دوورکەوتنەوە دروست ناکات، بەڵکو لە دابڕان و دوورکەوتنەوە پەیوەندی دروست دەکاتەوە.

٤. حزبێك بڕوای بەدیموکراتی هەبێت، دەبێت بەو راستیە تێگەیشتبێت، کە لەناو سیستمی دیموکراتی بەدیل بۆ دیالۆگ نییە، واتە ئەگەر کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر نەکرێن بە شێوازی دیکەش چارەسەر ناکرێن، بۆیە ئەگەر حزبێك پێی وابێت لە کۆمەڵگەی دیموکراتی شێوازێکی باشتر لە دیالۆگ بوونی دەبێت، ئەوا ئەمڕۆش بیشارێتەوە سبەینی ئاشکرای دەکات خۆی دژی دیموکراتیە.

لەدوای ئاماژەکردن لەسەر ئەم خاڵانە ئایا دەتوانین بڵێین لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەو ئیرادەیەیان هەیە کە بتوانن تۆزیك لە خودی ئەو سیاسەتە جیاببنەوە کە دەقیان پێوە گرتووە و هەنگاوێك بەرەو پارتی و یەکێتی هەڵبگرن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە رابردوو نائومێدی کردوین، هیوادارین لە ئایندە بەوجۆرە نەبێت، بۆیە چەند حزبە سیاسییەکان لەخودی سیاسەتی دەقگرتووی خۆیان دوور بکەونەوە هێندە دیالۆگ لەنێوانیان دروست دەبێت و لەیەکتری نزیك دەبنەوە.

**لەناو قاموسی سیاسییدا پێناسەیەک نییە کە بتوانێت ئەم تێگەیشتنەی حزبی گۆڕان بۆ دیالۆگ و فرەیی و پێکەوەژیان لەخۆی بگرێت**

# لەبارەی دیالۆگەوە



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

**دیالۆگکار هەرچەندی لە خودی خۆی دوور بکەوێتەوە و چاوی بە پێشینەکانی خۆیدا خشاندەوە، پتر لە ئەوی دی نزیک دەبێتەوە.**
**وەک ئەوەی بەیەک گەیشتنی نێوان لایەنانی دیالۆگەکە نەیەتە دی، تەنیا لە خاڵەکانی جیابوونەوەدا نەبێت**

ئەو کەسەی دەیەوێ رای خۆی دەربڕێت، سێ خەسڵەت هەن لە دیاریکردنی دیالۆگ و باسکردنی میکانیزمەکەی و دیاریکردنی ئەرکەکانیدا، دەیانسەلمێنێت:

یەکەمین خەسڵەت، ئەوەیە کە تا تەپڵی شەڕ بێ دەنگ نەبێت و تۆپ لە گرمە نەکەوێت، دیالۆگ بە کردەنی دەست پێ ناکات. دیالۆگ تەنیا رێی ئاشتیانەیە کە هەر دەبێ پەنای بۆ ببردرێت، لە پاش ئەوەی لایەنەکان دەگەنە ئەو رایەی کە شەڕ بێ ئاکامە و دواجار چی لێ ناکەوێتە، بێ لە هەڵایساندنی دووبەرەکی و قووڵ کردنەوەی بەدحاڵی بوون. هەڵبەت دیالۆگیش پشت بەستنە بە پاساو و بەڵگە هێنانەوە و بەریەك کەوتنی بیر و راکان و پەنا بردنە بۆ لۆژیکی عەقڵ. بەرامبەر بەوەی کە ناماقووڵ مۆرك و سیمای شەڕە و گڕیش بەردەداتە ناکۆکییەکان، ئەوا دیالۆگ زامنی لەیەك نزیك بوونەوەی لایەنەکانە، خۆ هێندەشی بەسە کە لە نیاز نیەتێکی پاکەوە هەڵدەقوڵێت و سەرچاوە دەگرێت، هەروەها دەبێ لایەنانی دیالۆگ بێگەرد و راستگۆ بن، هەر لایەنەش دەبێ پەیوەست بێت بەو بەڵێنەی بە لایەنەکەی دیکەی دەدات، تا بەدحاڵی بوون نەهێڵێت، لە ئاکامیشدا دوو لایەنی بەشەڕ هاتوو بگەنە ئاگربەست و سازان.

خەسڵەتی دووەم، ئەوەیە کە دیالۆگ کانی پرسیار نییە. ئەرکی ئەو بریتی نییە لە هەڵکەندن و گومان کردن و راڕایی و دروستکردنی دابڕان و بۆشایی، ئەوەش نییە کە ناکۆکیی زیاتر بنێتەوە، بەڵکو ئەرکی ئەو بریتییە لە گەڕان بە دوای کۆکردنەوە و لەیەك حاڵی بوون و پێکەوە سازان. ئەو رێیەکە دوو لایەن پێیدا دەڕۆن، هەر لایە هەوڵ دەدات ئەوی دی لەو شتە نزیك بکاتەوە کە پێیوایە راستی و هەقیقەتە. هەقیقەت و راستی بە گریمانە بەر لە دەست پێ کردنی دیالۆگەکە هەبوون، پرسیار و وەڵامیش وەپێش دەدەنەوە، بە جۆرێك کە دیالۆگ دەبێتە تەنیا «نمایش»ێکی زمانەوانی و توانای ئەوە دەداتە دیالۆگکاران کە هەر یەکەیان ئەوی دی بە لای خۆیدا رابکێشێت، تا تێکڕا پێکەوە بەرەو راستی و هەقیقەت داکشێن. ئیدی بەم جۆرە بەدەم نزیك بوونەوەی لەو «هەقیقەتە» لە یەکدی نزیك دەبنەوە.

کەواتە پوختەی قسە، رادەربڕ گریمانە دەکات کە دیالۆگ نە پرسیار دروست دەکات و نە هەقیقەت، بەڵکو بەرەو هەقیقەت دەچێت، بەڵکو دەستمان دەگرێت بەرەو «هەقیقەت». ئەو نە دوور دەخاتەوە و نە دووریش دەکەوێتەوە، بەڵکو لە یەك نزیك دەکاتەوە و نزیکیش دەبێتەوە. پاشان (دیالۆگ) رێی سازش و ئاشتی و سازانە، دواجار ئەو گەرم و گوڕییەکە لە نێوان کەسانی قسەکەردا، واتە کەسانێك کە قسەیان کردووەتە ئامڕازێك بۆ دەربڕینی بیر و رای خۆیان.

هەڵبەت ئەو هەژانەی ئەپستمۆلۆژیای هاوچەرخ بە خۆیەوە بینی، کە بەشێك لە ئاکامەکانی بریتی بوون لە گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ چەمکی هەڵە و بەدحاڵی بوون و نەست، پشتیوان بوون لە ریسواکردنی بنیادی میتافیزیکانەی دیالۆگ، کە رادەربڕ باوەڕی پێی هەیە، واش تەماشای بکرێت نەك بەوەی بەدەرە لە پەیوەندییەکانی هێزەوە، هەروەها نەك وەك ئەوەی رێیەکە بە یەقین و سازانەوە دەورە دراوە، هەروەها نەك ئەوەی رێی لەیەك نزیك بوونەوە و کۆدەنگییە، بەڵکو بەوەی ئەو لە بنەڕەتدا رێی هەڵە و جیاوازی و بەدحاڵی بوونە، رێی ساتمە و قەیرانگیرییە.

تەنانەت خودی دیمانەش، کە وا باوە لە نێوانی زمانی دیالۆگ و زمانی داکۆکیکاردا دادەندرێت، بەوەی کە یەکەمیان (دیالۆگ)

وەك ئەوەی لە شەڕدا باوە، پەیوەندیی هێزی تێدا نییە، تەنانەت ئەو دیمانەیە ئەوەش لە بیر خۆی دەباتەوە کە زمان، کە ئامرازی هەموو دیالۆگێکە، کانگای ململانێی هێزەکان و کایەی بەرکارانی دەسەڵاتەکانە، ئەو لانەی جیاوازی و شازە مەیدانی پەیوەندییەکانی هێزە. تۆ کە ناو و ناتۆرە دەبەخشیتەوە ئەوەیە دەسەڵات پیادە دەکەیت، تۆ کە ناو دەبەخشیتەوە «ئەوەیە تۆ سەروەر بیت»، ئەوە بە گوتەی نیچە. ستراتیژی ناونان بریتییە لە ستراتیژی زاڵ بوون و هەژموون. مێژووی شتان دروست مێژووی ناوەکانە، مێژووی ناوەکانیش بریتییە لە بەدوای یەکدا هاتنی ئەو هێزانەی باڵادەستن، کە واتا دەبەخشن و بەها دیاری دەکەن. ناوی شت دروست ئەو هێزەیە کە دەستی بە سەردا گرتووە و کردوویەتی بە موڵکی خۆی. وشەکانیش تەنیا «برە هێزن و لە پەیوەندییەکی مۆڵەقدان»، ئەو دیالۆگەش کە وشەکان بەکار دەهێنێت و دەیخاتە گەڕ، ئەوە پەیوەندییەکانی هێز و ئامانجەکانی باڵادەستی و هەژموون بەرجەستە دەکات.

کەواتە دیالۆگ بە میکانیزمی لۆژیکیانە و پاڵنەری ئیتیکی (ڕەوشتی) دیاری ناکرێت، هەروەها پەیوەستیش نییە بە راستگۆیی دیالۆگکاران و بێگەردی و نیەت پاکیی ئەوانەوە. ئەو شەڕێکە لە ئاستی زماندا، ئەو دەمامکە ململانێیەکە کە لە ڕێی ئەوەوە، ئەو کەسەی واتا دیاری دەکات و گرفتەکان دەخاتە روو و چەمکەکان پێناسە دەکات و راستی و هەقیقەت دیاری دەکات، خۆی دەسەپێنێت.

ئیدی دیالۆگ ئەو ئامرازە نییە کە لە ڕێی ئەوەوە، ئەوی دی بە لای خۆمدا رادەکێشم تا پێکەوە بەرەو هەقیقەت شۆڕ ببینەوە، ئەو ئامرازێك نییە بۆ پێکەوە گرێدان و پەیوەندی، بەڵکو ڕێی دابڕان و هەڵکەندن و وروژاندنی زۆرترین پرسیارە، هەروەها خستنە رووی زێدە گرفت، ئەو ڕێیەکە بێ کەند و کۆسپ و قەیران نییە، تەنانەت تەژییە لە ململانێ و بەریەك کەوتن و لێکدان.

سەیر لێرەدا ئەوەیە کە ئەو لەیەك دوور کەوتنەوە و ئەو دابڕانە، باشترین ئامرازن بۆ مسۆگەر کردنی لەیەك نزیك بوونەوە و بەیەك گەیشتن. دیالۆگە ئەوەی تێیدا دەبێتە بەدحاڵی بوون، باشترین ڕێیە بەرەو هەر لەیەك گەیشتنێك.

ئەو خاڵانەی کۆسپ گەڵاڵە دەکەن و دیالۆگ «رادەگرن»، یان بە لای کەمەوە قەیران دای دەگرێت، بە یەك جیاوازی ناخاتە نێوانی دیالۆگکارانەوە، بەڵکو هزر و بەدیهییەکانی، هزر و پێشینەکانی لە یەك جیا دەکاتەوە، یان با بڵێین هزر و خۆی (واتە دیالۆگ) لە یەکدی جیا دەکاتەوە، لە هەوڵی خۆیدا بۆ جیابوونەوە لەو. ئەوان ئەو خاڵانەن کە نەزانیی نەزان و زانینی عاریف وەك یەك دادەنێت. وەك ئەوەی مەودای نێوان دیالۆگکاران هەرچەندی لە یەك دوور بکەێتەوە، لە یەك نزیکتریش دەبێتەوە، ئەویش نەك دوورکەوتنەوە لە یەکدی، بەڵکو دوورکەوتنەوەیە لە خودی خۆیان. هەر دیالۆگکارە هەرچەندی لە خۆی دوور بکەوێتەوە و چاوی بە پێشینەکانی خۆیدا خشاندەوە، پتر لە ئەوی دی نزیك دەبێتەوە. وەك ئەوەی بەیەك گەیشتنی نێوان لایەنانی دیالۆگەکە نایەتە دی، تەنیا لە خاڵەکانی جیابوونەوەدا نەبێت، وەك ئەوەی پەیوەندیی نێوانیان نایەتە دی تەنیا لە خاڵەکانی جیابوونەوەدا نەبێت: خاڵەکانی قەیران و قەیرانگیریدا کە تێیاندا هزر لە یەقینی خۆی رزگاری دەبێت و لە ئاست «هەقیقەتەکانی» نەرمی دەنوێنێت. ئەو خاڵانانەن کە لایەنانی دیالۆگ تێیدا «هاوخەم دەبن»، نەك هەر خەمێك، بەڵکو خەمی هزر کە هیدگەر لەبارەیەوە دەڵێ «ئەو خەمەیە کە تێیدا ئەو شتانەی ناسراو دێنە پێش چاو، دەگۆڕێن بە شتانێك کە شیاوی لێپرسینەوەن». دیالۆگ ئامرازێکە بۆ نەهێشتنی بەدحاڵی بوون، بەڵام بناغەیەك نییە لە نێوانی خود و ئەوی دی، بەڵکو لە نێوانی خود و خۆیدا، لە نێوانی کولتوور و خۆیدا. دیالۆگ جموجۆڵێکە هەموو کولتوورەکان لە ڕێی ئەوەوە هەوڵ دەدەن لە خۆیان دابڕێن، بە ئامانجی لەیەك نزیك بوونەوە لە ڕێی هێنانە ئارای جیاوازی و دروست کردنی هەمە بۆچوونەوە.

بەدەم ناو هێنانی کولتوورەوە، بۆمان روون دەبێتەوە، کە هیچ چارەیەك نییە و دەبێ لەبارەی تەبیعەتی ئەوەی «لایەنانێك» بۆ دیالۆگ بانگهێشت بکرێن، پرسیار بکەین. کامە لایەنانیان مەبەستە ئەوانەی ئەمڕۆ زۆر قسە لەبارەی دیالۆگ و «دیالۆگی کولتوورەکان»ـەوە بە تایبەتی دەکەن؟ ئەگەر ئەو پەلە وەڵامانەی ئەو کەسانە دوور بخەینەوە کە جیهان بە گوێرەی رەگەز یان ئایین دابەش دەکەن، یان لە باشترین حاڵەتدا بە پێی فاکتەری جیۆسیاسی دابەشی دەکەن، ئەوانەش کە دابەشی مانییانەیان لە سەر زمان و بن زمانە، پێیان وایە گەردوون بریتییە لە ململانێیەکی هەمیشەیی نێوان چاکە و خراپە، ئەوا ئێمە دەتوانین دووپاتی بکەینەوە کە شتە هاوبەشی نێوانی هەمووان ئەوەیە، کە گریمانە دەکەن کە لە پشتی دیالۆگەوە بکەرێکی مشوورگێڕ هەیە و داوەکانی گەمەکەی ها لە دەستدا و چۆنی بیەوێ هەڵیان دەسووڕێنێت. بەڵام، ئێمە ئەگەر بمانەوێ لەم خودە میتافیزیکە رزگارمان ببێت، واش لە لایەنانی دیالۆگ بکەین کە خۆیان ببنە بەرکاری مێژوو، ئیدی رەنگە لە سەرمان فەرز بێت کە وای دابنێین کە دیالۆگی رۆشنبیری لە لایەنانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو ئەو بۆ خۆی سەرچاوەی ئەوانە، ئەویش حەتمەن لە نێوانی دەرەوە و ناوەوەش نایەتە دی، بەڵکو لە نێو خودی شوێن (جێ)دا وەخۆ دەکەوێت. ئەوەی دەکرێ لەم حاڵەتەدا دووپاتی بکەینەوە، ئەوەیە کە دیالۆگ هەیە، هەروەها «دیالۆگێك وا دەکرێت» مەرج نییە لە نێوانی لایەناندا بێت، هەروەها نەك لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوی دی، بەڵکو لە بنەڕەتدا لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خوددا، دەشبێتە نائارامییەك بۆ کولتوور لەگەڵ خۆیدا. شانۆی دیالۆگ مەرج نییە بواری کار لە یەکدی کردنی تاکەکان بێت، بەڵکو کار لە یەکدی کردنی کولتوورەکانە. ئەو دابڕانانەی لێرەدا مەبەستن دابڕانی دیرۆکین. دیالۆگ بەر لە هەر شتێك بریتییە لە جووڵەی مەزنی مێژوو، کە وا لە کولتوورەکان دەکات هەوڵ بدەن بۆ ڕۆیشتن لە سەر هەمان ڕێڕەو. ئەوەش واتای ئەوە نییە ناچاری دەکات کە بە ڕێیەکدا بڕوات کە پێشتر نەخشەی کێشراوە، لایەنەکانیش لەوەیان زیاتر لە سەر نییە بێ لە پەیڕەو کردنی، بەڵکو پێویست دەکات زیاتر لە لایەنێك بەشدار بێت لە کردنەوەی ڕێگاکاندا. بە گوێرەی ئەوە، کە هەر دەبێ قسە لەبارەی سازان و گونجان و هاوبەندی و رازیکاری وەك ئامانجی دیالۆگ بکرێت، ئەوا رازی بوونە لەبارەی کردنەوەی ڕێگا و کردنەوەی ئاسۆ، رازیکاری، هیچ گوڕێك نییە مایەی دڵنیایی و رازی بوون بێت، بەڵکو رازی بوون لەبارەی ئەوەی جێی متمانەیە و ئەوەی مایەی رازی بوون نییە، بەم جۆرە دیالۆگ نابێتە نەرمە لۆقە بەرەو ئەو هەقیقەتەی کە هەیە، بەڵکو دیالیکتێکە لە نێوانی گومان و یەقین، لە نێوان هەقیقەت و هەڵەدا، لە نێوانی پرسیار و وەڵام، لە نێوانی بەدی هاتووی کردەنی و ئەگەرە ئاسۆی کراوە بەرەو ئایندە.

**(دیالۆگ) ڕێی سازش و ئاشتی و سازانە، دواجار ئەو گەرم و گوڕییەکە لە نێوان کەسانی قسەکەردا، واتە کەسانێک کە قسەیان کردووەتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی بیر و رای خۆیان**

**دیالۆگ بە میکانیزمی لۆژیکیانە و پاڵنەری ئیتیکی (ڕەوشتی) دیاری ناکرێت، هەروەها پەیوەستیش نییە بە ڕاستگۆیی دیالۆگکاران و بێگەردی و نیەت پاکیی ئەوانەوە**

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**

### کاکەمین نەجار بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر بۆ (گوڵان):

# بە پێی ئاکامی راپرسیەکان پێشبینی ئەوە دەکەم لەناو سەنتەری هەولێر دەنگی پارتی لە ٥٠٪ تێپەڕ بکات

هەولێر وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان ئارامی و گەشەیەکی باشی بەخۆوە بینیوەو؛ بووەتە سەنتەری هەموو حزبە سیاسییەکان و بارەگای پەرلەمان و حکومەت و قونسڵی زیاتر لە ٢٥ وڵات؛ کە چوار قونسولّییەیان هی چوار ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتین، ئەمەش وایکردووە هەولێر نەک هەر لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی هەرێم، بەڵکو لەکۆی هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە رۆڵ و بایەخی هەبێت، لەم رووەوە رۆڵی هەولێرییەکان لە پاراستنی تەبایی و پێکەوەژیان و ئاشتی دیار و لەبەرچاوە، هەروەکو چۆن لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا قوربانییەکی زۆریان بۆ بەدیهێنانی ئەم رۆژە بەخشیووە، ئێستاش ئەم پایتەختە ئارامەی کوردستان کە بۆتە لانە بۆ هەموو کوردستان، بۆتە پایتەختی سیاسیی و ئابووری و گەشتیاری، ئەمانە هەمووی بەرهەمی کەلتوری ئەم شارەیە کە بەگیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان دەناسرێتەوە، بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، سەردانی بەڕێز کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێرمان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



**هەولێر و پارتی وەکو ماسی و ئاون لێک جیاناکرێنەوە**

*** سەرەتا با لەو خاڵەوە دەست پێ بکەین؛ بەڕێزتان وەکو بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر بایەخ و گرنگی ئەم شارە لە هاوکێشەی سیاسی کوردستاندا چییە؟**

- هەولێر پێش هەمووشت پایتەختی هەرێمی کوردستانە، ئەم پایتەختە هەموو کورد چاوی لەسەریەتی و ئومێدی پێیەتی، بۆیە هەولێر لە ئێستادا بۆ هەموو کوردستان گرنگە نەك تەنیا هەرێمی کوردستان، ئەم شارە بەحوکمی ئەوەی پایتەختە، دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هەرسێ دامەزراوەی (پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری) لەم شارەن، زۆربەی زۆری حزبە سیاسییەکان مەکتەبی سیاسییان لە هەولێرە، بەهۆی ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، زیاتر لە ٢٥ کونسڵی وڵاتانیش لەم شارەدا بوونیان هەیە. تەنانەت ئەم شارە بووەتە شوێنێك بۆ برایەتی و پێکەوەژیانی هەموو خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق و ئایینزاکان، بەرادەیەك ئێستا هاووڵاتیانی وڵاتانی سوریاو ئێران و تورکیا روویان لە هەولێر کردووە، لە هەولێردا لێبوردەیی ئایینی کەلتورە، لەبەر ئەوەی هاوکات لەگەڵ موسڵمانان پیڕەوانی ئایینی دیکەش بە سەدانساڵە لەم شارە پێکەوە دەژین، هەروەها لەم شارە کەلتوری لێبوردەیی نەتەوەییش هەیە، لەبەر ئەوەی بێجگە لە کورد نەتەوەی دیکەش لەم شارە دەژین وەك کلدو ئاشوری و تورکمان، ئێستا ژمارەیەکی زۆری برا عەرەبەکانیش روویان کردۆتە ئەم شارەو هیچ کێشەیان نییە، لەڕووی نەتەوەیی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیشدا هەولێر رۆڵی جوامێرانەیان لەهەموو شۆڕشەکانی کوردستاندا هەبووە، قوربانییەکانیان لەهەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان جوانترین بەڵگەن، لەبیرمە لەشۆڕشی ئەیلوولدا رژێمەکانی پێشوو نەیتوانی بەهەموو هێزێکەوە ناوچەی بێستانەو دیدەوان لە دەستی پێشمەرگە دەربێنن کە تەنیا چەند کیلۆمەترێك لە هەولێر دوورە، لە شۆڕشی گوڵانیش کە دوژمن هەموو هەوڵێکی خۆی وەگەڕخست، بەڵام نەیتوانی پێشمەرگەو جەماوەری هەولێر لەیەکتر جیا بکاتەوە.

*** وەکو ئاماژەت پێدا هەولێر بۆ هەموو لایەك جێگەی بایەخە، بەڵام لەناو هەمووانەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم شارە بەناوچەو دەڤەری خۆی دەزانێت، ئایا هەولێر بۆ پارتی چ مانایەکی هەیە؟**

- هەولێر گرنگی زۆری بۆ کوردو کوردستان و پارتی هەیە؛ هەولێر و پارتی وەکو ماسی و ئاو وان لێك جیاناکرێنەوە، ئێمەش وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بایەخێکی زۆر بە هەولێر دەدەین و هەرچی بۆ هەولێرییەکان بکەین هێشتا کەمە، هەر بۆ نموونە لە دوای راپەڕین ئێمە تەنیا یەك زانکۆمان هەبوو، ئێستا ٢٤ زانکۆمان هەیە و هەولێر پشکی شێری بەرکەوتووە، هەروەها لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیشدا رەچاوی شوێنەکانی دیکەیش کراوە و هەولێر دەستپێشخەریی کردووە، ئەوەتا بۆ مەخمور کە دەکەوێتە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بودجەی لەسەر پارێزگای موسڵە، خزمەتگوزاریی لە هەولێرەوە بۆ دەکرێت هەر لەکارەباوە تا خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی، تەنانەت کارەبامان بۆ سەرگەڕان بردووە کە بودجەی سەر بە کەرکوکە. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە لەگەڵ ئەوەی خزمەتگوزاری زۆر پێشکەشی ئەم شارە کراوە، بەڵام هێشتا ئەوە لە ئاستی خۆزگە و ئومێدی پارتی نییە، لەبەر ئەوەی پارتی دەیەوێت باشترین خزمەتگوزاری پێشکەشی هەولێر بکات، لەلایەکی دیکەوە وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد هەموو حزبەکانی کوردستان لەهەولێر بوونیان هەیە، بەڵام لەکاتی هەڵبژاردن و لەسەر سندوقی دەنگدان زۆربەی هەولێرییەکان دەنگ بە پارتی دەدەن.

*** بەحوکمی ئەوەی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵك دادەنیشن و خەڵکیش قسەتان بۆ دەکەن، ئایا گلەییەکانیان چییە لە پارتی؟**

- وەکو ئاماژەم پێکرد ئاستی پێشکەشکردنی کار و چالاکی و جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە هەولێر رێژەییە، هەربۆیە گلەییەکانیش رێژەیین، ئێمە وەك پارتی گوێ لەخەڵکی خۆمان دەگرین، لەسەر بنەمای خواستی ئەوان بەرنامەی خۆمان دادەڕێژین، بەردەوام دەبین بۆ کارکردن لەسەر گلەییەکان و کەمکردنەوەی کەموکوڕییەکان، هەندێك لەو کێشانەی خەڵکی راستەوخۆ لای ئێمە چارەسەر دەبن، بەڵام هەندێکی دەبێت بۆ مەکتەب سیاسی بنێرین، یان ئەگەر پێمان بکرێت کارئاسانیان بۆ دەکەین بۆئەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی لێ ئاگادار بکەنەوە و ئەوان بۆیان چارەسەر بکەن، بەڵام ئەمانە خزمەتگوزاری گشتی دەگرێتەوە.

*** بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا هاتۆتە ئاراوە و ئاڵۆزی لێکەوتۆتەوە پێویستی بە چارەسەرکردنە، لە هەولێر دەستێك هەیە کە دەیەوێت ئەو سەقامگیرییەی**

**هاتۆتە ئاراوە بیشێوێنێت و جۆرێك لە ناسازانی نیشتمانی دروست دەكەن بەپێچەوانەی ئەوەی ئیدعای بۆ دەكەن، ئایا وەكو سەركردایەتی ئەنجومەنی هەولێر چۆن بیرتان لەوە كردۆتەوە ئەم ئارامی و سەقامگیرییەی هەولێر بپارێزن؟**

- حزب لەلای ئێمە وەكو پارتی تەنیا ئامرازێكە بۆ خزمەتكردنی جەماوەر، بەداخەوە هەندێك حزبی كوردستانی ئەوانەی لەناو ئۆپۆزسیۆنن و بەتایبەتی گۆڕان كار لەسەر ئەوە دەكەن دۆخی ئارامی كوردستان بشێوێنن،ساڵی رابردووش هەوڵیاندا بەناوی خۆپیشاندانەوە تا سەقامگیری هەولێر تێكبدەن، ئەمڕۆ گۆڕان شەڕێكی ئاشكرای دژی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و پارتی راگەیاندووە، هۆكارەكەشی بۆ ئەو كینەو بوغزە لەمێژینە دەگەڕێتەوە. ئەوان تەنیا دەیانەوێت بەزۆری و زۆردارەكی خۆیان بسەپێنن، هەربۆیە هەرچی قسەیان لەگەڵ دەكەیت پێی نارازین، با بێن و لەرێگای سندوقەكانی دەنگدانەوە كێبڕكێمان لەگەڵ بكەن.

*** لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا لە موسڵ و دەوربەر و ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان گۆڕان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكاندا تەواو شكستیان هێنا، لە پاش ئەو شكستانەیانەوە ئاستی هەڵچوون و تووڕەیی سەركردایەتی گۆڕان بەرزتر بوویەوە بە شێوەیەك وەك ئەوەی بیانەوێت لە رێگەی دیكەوە رووبەڕووی خەڵك بێتەوە، ئێوە چۆن سەیری ئەم لایەنە دەكەن؟**

- گۆڕان لەناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم بەرادەیەك دەنگیان دابەزیوە تەنیا كورسیەكیشیان بەدەست نەهێنا، تەنانەت لەناو رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنیش بەهەمانشێوە دەنگیان لەدابەزینە، هەربۆیە لەو كاتەوەی كە پارتی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق توانی نیوەی زیاتری كورسیەكان بەدەست بهێنێت، ئەو كات گۆڕان بەتەواوەتی تەنگەتاوبوون، ئەمڕۆ دەشزانن ئەو دەنگەی هەشیانبوو ئەوەشیان پێ نایەتەوەو پارتی زیاتر نفوزی جەماوەری هەڵكشاوە و هاووڵاتیانی كوردستان ئەوانەی پێشتر گۆڕانیان نەدەناسی ئەوانیش ئێستا دەنگ بەگۆڕان نادەن، بۆیە هەوڵدەدەن پشێوی بنێنەوە تاوەكو خۆشگوزەرانی و ئارامی لەخەڵكی تێكبچێت و گەورە كۆمپانیاكان كوردستان بەجێبهێڵن و بێكاری و هەژاری لەناو خەڵكدا زیاد بكات، هەربۆیە ئەوەی ئاژاوەو پشێوی دەنێتەوەو هەست بەو بەرپرسیارێتییە نەكات خێر و خۆشی خەڵكی ناوێت.

ئێستا قەناعەتی تەواو لای هەموو لایەك دروست بووە ئەو دەنگەی جاران گۆڕان بەدەستی دەهێنا دەنگی یەكێتی بوو، بەڵام لەهەڵبژاردنی ئەمجارە نیوەی دەنگەكانی پێشوو ناهێنن، هەربۆیە گۆڕان تەنگاوە و دەیەوێت لە رێگای دیكەوە فرت و فێڵ بكات و ئاژاوەی گەورە بنێتەوەو خۆیان لەهەڵبژاردنەكان بدزنەوە.

*** باشە چۆن دەكرێت لایەنێك لە ئاكامی شكستی خۆی دەسكەوتەكانی كۆی نەتەوەیەك شكست پێ بهێنێت، ئایا سەرەنجام چ بەرپرسیارێتیەك دەكەوێتە سەر شانی؟**

- خۆشبەختانە ئەمڕۆ خەڵكی كوردستان هۆشیارن و قبووڵ ناكەن وەزعەكە لەهەموو گەلی كوردستان تێك بدرێت، ئەم وڵاتە وڵاتی هەمووانەو موڵكی تەنیا حزب و بزووتنەوەیەك نییە، وڵاتی هەموو نەتەوەو ئایینزاكانە هەر لە كورد و توركمان و مەسیحیی و یەزیدی و ئەوانەی تێیدا دەژین، كە لەهەردوو شۆڕشی گەورەی ئەیلوول و گوڵانی گەلەكەمان شەهید و قوربانییان بەخشییە بزافی رزگاریخوازی كوردستان، هەربۆیە گۆڕان ناتوانێت بە توندوتیژی خۆی فەرز بكات، ئەگەر بڕوای بە دیموكراتی و دەنگی گەل هەیە، با بە دیموكراسی و لەرێگای هەڵبژاردن و سندوقەكانی دەنگی خەڵكەوە ململانێ بكەن.

*** ئەوەی لەپەرلەمانی كوردستان بینیمان شێوازی ئۆپۆزسیۆنی لە پرۆسەی دیموكراتی كوردستان پیشاندراین، ئایا بەو شێوە ناشارستانیەی گۆڕان دیموكراتی بونیاد دەنرێت و سیستمەكە دەپارێزرێت؟**

- پەرلەمانی كوردستان بەخوێنی ئەو میللەتە دروست بوو؛ بەشوێنێكی زۆر موقەدەس و گەورە لای كورد تەماشا دەكرێت، بەڵام گۆڕان بەتەلەفزیۆن شكاندن و تەپڵ كوتان لەهەیبەتی پەرلەمانی دابەزاند، هەموو دنیا دەزانێت ئسلوبی ناشرین رەفتاری پەرلەمانتار نییە. پێشتر كاتێك قەیرانێك لەسەر گەڕانەوە یا هەمواركردنەوەی دەستوور دروست بوو ئەوان گێچەڵیان بەو دەستوورە دەكرد كە لیژنەیەكی شارەزا نووسیبوویی و پەرلەمانیش دەنگی بۆ دابوو، بەڵام سەرۆك بارزانی بۆ بەرژەوەندی گشتی وتی مادام داوای سازان دەكەن فەرموو بسازێن، بینیمان ئەوان ناسازێن، بۆیە من وای دەبینم گێچەڵكردن بەدەستوور كۆمەڵێك دەستی دەرەكی و لابەلای تێكەوتووە كە نایەوێت كورد ببێتە خاوەن دەستوور. گەر دەستوورمان هەبووایە هەر كێشەیەك گەر یەكلانەبووایەتەوە لەدادگای دەستووریدا

**ئەو دەنگەی جاران گۆڕان بەدەستی دەهێنا دەنگی یەكێتی بوو، ئەم هەڵبژاردنە دەیبینین نیوەی ئەو دەنگانەش ناهێننەوە**

**ئەگەر گۆڕان بڕوای بەخۆیەتی و ڕێزی میللەت دەگرێت، با بە دیموکراسی و لە ڕێگای هەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدانەوە ململانێ بکەن**

**ئەوەی پشێوی و ئاژاوە دەنێتەوە خێر و خۆشی خەڵکی ناوێت و دەیانەوێت خۆشگوزەرانی و ئارامی لەخەڵکی تێکبچێت**

یەکلا دەکرایەوەو دەمانتوانی کەموکوڕییەکانیش چاك بکەینەوە، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی کوردستانیش دادەمەزراو نەدەگەڕاینەوە بۆ بەغدا. یان هەنجەت دەگرن بەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم زۆرە، باشە فەرموو با بێن دابنیشن لەگەڵمان بزانین لە کوێدا زۆرە، هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم یان تەشریفاتیە یان بە تەنسیقە لەگەڵ پەرلەمان،، یان دەڵێن دەستووری هەرێمی کوردستان لە سەرۆکایەتی بگۆڕدرێت بۆ پەرلەمانی، ئەوە دەستووری ئەمریکایە سەرۆکایەتییە، سەرۆك سەرۆکی وڵاتەو سەرۆکی حکومەتیشە، لە ناو خەڵکیش هەڵدەبژێردرێت، وەزیرەکانیش سەرۆك دایاندەنێت، بەڵام ئەم سیستمەی ئێمە دوور و نزیك سەرۆکایەتی نییە، ڕەنگە هەندێ تێکهەڵکێش کرابێت، بەڵام زیاتر بە لای پەرلەمانییە نەك سەرۆکایەتی..

*** لە ناو پرۆسەی دیموکراتی حزبی سیاسی هۆکارە بۆ دروستکردنی ڕای جیاواز، ڕاهێنانە لەسەر پێکەوەژیان و قبوڵکردنی بەرانبەر، ئەمەی گۆڕان هێناویەتی لە ١٠٠٪ بە پێچەوانەی ئەو کەلتوور و دیموکراتیەتەیە، ئەم کەلتووری بەرانبەر ڕەتکردنەوەیە و دروستکردنەی دوژمنایەتیە چی لێ شین دەبێتەوە؟**

- ئەگەر ئەم وڵاتە وەك ئەوان دەیانەوێت نە خاوەنی یاساو نە خاوەنی دەستوور و نە خاوەنی سەرۆك بێت ئەم وڵاتە نابێتە خاوەنی هیچ شتێك، نابێت تەسلیمی ئەو ئیرادە ڕووخێنەرەی ئەوان بین، ئەوان بە هیچ شتێکیش ڕازی نابن، نە بە سازانی نیشتمانی نە بە دەستوور نە بە هەڵبژاردن نە بە زۆرینەو کەمینە ڕازی نین. ئێمە لەدوای شەڕی ناوخۆ لەگەڵ یەکێتی گەیشتینە ئەو قەناعەتەی ئاشتی دروست بکەین و ڕێککەوتننامەی ستراتیژیمان مۆر کرد، گۆڕان باڵە توندڕەوەکەی ناو یەکێتی بوون و بڕوایان بەئاشتی و تەبایی ناو خەڵکی کوردستان نەبوو، هەربۆیە جیابوونەوەو ئەو بزووتنەوەیەیان دروست کرد، بەتایبەتی نەوشیروان مستەفا کە لەمێژە ڕق و کینەی لەسنگدایە دژ بە پارتی، زیاتر کێشەی گۆڕان شەخسی نەوشیروان مستەفا خۆیەتی و تووشی دەردی بەخۆزلزانی و لووتبەرزی بووە، پارتی تەمەنی ٦٧ ساڵە چەندین سەرکەوتن و شکست و دەربەدەری ڕووبەڕووی بۆتەوەو، پیلانی زۆر گەورەی نێودەوڵەتی لەدژی ئەنجامدراوە، بەڵام پارتی لەبەر ئەوەی ڕەگو ریشەی لەناو جەماوەری کوردستان داکوتیوە، بەسەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵبووە و هەر بە پێشەنگی ماوەتەوە، بۆیە پارتی بە نەوشیروان لەناو ناچێت. ئەو لەناو بزووتنەوەکەشی نەیتوانیوە ئیدارەی گۆڕان بدات و چەندین ئەندامی سەرکردایەتی خۆی لێی عاجزن و لێی جودابوونەتەوە، ئیتر چۆن دەتوانێت ئیدارەی خەڵکی کوردستان بدات.

*** باشە سەردەمێك دەیووت هەولێر کوێی پیرۆزە شەڕی تیا نەکرێت، ئێستاش داوا لە هەولێرییەکان دەکات دەنگی بۆ بدەن، تۆ ئەوەندەی لەگەڵ هەولێرییەکان تێکەڵی، ئایا خەڵك چۆن سەیری ئەو قسەیە دەکات؟**

- کاتێك نەوشیروان مستەفا دەیووت هەولێر پیرۆز نییە با شەڕی تێدا بکەین، شەڕیشی تێدا کرد، زۆربەی ئەو شەڕانەی لە دەوروبەری هەولێر کران بە قیادەی ئەو کران، ئەو ئەگەر بەتەما بێت خەڵکی هەولێر دەنگی پێبدەن و متمانەی پێبدەن، من دڵنیای دەکەمەوە هەولێرییەکان متمانە نادەن بەو و ئەو قبوڵ ناکەن، ئەم قسەیەشم هەروا ناکەم هەڵبژاردن زۆری نەماوە تەنیا دوو مانگی تر هەولێرییەکان دێینە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگی خۆیان دەدەن و ئەو کات ئەو قسانەمان بۆ دەردەکەوێت، بۆ هەموو لایەك دەردەکەوێت ئەو جەماوەرەی لە هەولێرش هەیانبوو ئەوەشیان لەدەست داوە، چونکە هیچ کاتێك نەوشیروان مستەفا خێری هەولێرییەکانی نەویستووە. قەت قسەیەکی خێری بۆ هەولێر نەکردووە، تەنیا سووکایەتی بەهەولێر و هەولێرییەکان کردووە و گوتویەتی هەولێر کوێی پیرۆزە تا شەڕی تیا نەکرێت.

*** ئێوە وەکو سەرکردایەتی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان، بەنیازن لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا چی بکەن و بەرنامەی هەڵبژاردنتان چییە؟**

- بەرنامەمان بۆ هەڵبژاردن هەیەو لەهەموو هەڵبژاردنێکدا پرۆژەیەکی تەواومان لەسەرجەم بوارەکانی پەروەردەو خزمەتگوزاری و پەیوەندییەکانی دەرەوە پێشکەش دەکەین کە بەرنامەی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە؛ ئەمە پرۆژەی ئێمەیە و بڵاوی دەکەینەوە بۆ خەڵکی ئەگەر دەنگمان پێبدەن ئەو پرۆژانە جێبەجێ دەکەین. لەناو سەنتەری شاری هەولێریش لەسنووری لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان وەزعی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر باشە، بۆ ئەمەش لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمیش چەندین ڕاپرسیمان ئەنجامداوە و ئاکامەکانی لەبەردەستن، بۆیە دەتوانین بزانین ئاستی دەنگدەری ئێمە چۆنە، بەهەرحاڵ ئەوەی لای ئێمە گرنگە ڕێژەی بەشداری خەڵك لە پرۆسەکە زۆر بەرز بێت و خەڵك هەمووی ڕووبکاتە سندوقەکانی دەنگدان، لەبەر ئەوەی چەند خەڵك زیاتر بەشداری



بکات لەهەولێر ڕێژەی دەنگەکانی پارتی زیاتر دەبن، بۆیە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان گەشبینین و قەناعەتمان وایە دەنگێکی باش لە کوردستان بەگشتی و لەهەولێر بەتایبەتی دێنین و بەپێی ئەو ڕاپرسیانەی ئەنجامدراون، پێشبینی دەکەم لەناو سەنتەری هەولێر ڕێژەی دەنگی پارتی لە ٪٥٠ تێپەڕ دەکات.

*** ئێوە لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەولێر چۆن کارەکانتان بەڕێوە دەچێت، لەبەر ئەوەی بارەگای سەرەکی مەکتەبی سیاسیی پارتی لێرەیە، ئایا ئەمە جۆرێك لە تێکەڵی لەکارەکانتان دروست نەکردووە؟**

- ئیشی پایتەخت بەشێوەیەکی گشتی زەحمەتترە لە جێگاکانی دیکە، ئەم واقیعە لەڕووی حزبیشەوە هەر وایە، بۆ نموونە ئێمە بارەگای ئەنجومەنی سەرکرایەتیمان لێرەیە لەهەمان کاتدا بارەگای مەکتەب سیاسی و بارەگای مەکتەبی سەرۆکیش لەهەولێرە، لە حاڵەتی لەم جۆرە بمانەوێت یان نەمانەوێت جۆرێك لە دەستێوەردان لەئیشوکارەکانمان هەر دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا ئێمە پەیڕەو و پرۆگراممان هەیەو تێیدا دەسەڵاتەکانی ئێمەو دەسەڵاتەکانی مەکتەبی سیاسیش دیاریکراون، هەرکاتێك لەجێگایەك زانیمان مافمان دەخورێت پێیان ڕادەگەیەنین و پێیان دەڵێین مافمان مەخۆن، سەبارەت بە پەیوەندییەکانیشمان لەگەڵ سەرجەم لقەکان باشە.

*** ئایا پەیامتان بۆ ئەندامان و لایەنگرانی پارتی لەسنووری ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لەپارێزگای هەولێر چییە؟**

- داواکارم ئەندامان و لایەنگرانمان خزمەتی خەڵکی بکەن و لەگەڵ خەڵك شەفاف و نەرم بن و بەرۆحێکی تەبایی ئیشوکارەکانیان بکەن، ئەو ڕاستیەیان بەردەوام لەبەرچاو بێت پارتی دەسەڵاتەکەی لەجەماوەرەوە پێی دراوەو خەڵکی و جەماوەریش بەپشتیوانی خۆمانی دەزانین، لەهەڵبژاردنەکانیشدا ئومێدەوارم دەنگێکی باش بەدەست بهێنین تاوەکو لەو ڕێگایەوە ڕۆڵمان لەدروستکردنی پەرلەمان و حکومەت هەبێت و زیاتر خزمەتی هاووڵاتیان بکەین، لە خزمەتکردنی خەڵك و ئیدارەی کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندین لەساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٤ ئیدارەی کوردستانمان بەتەنیا بەڕێوەبردووەو ئیدارەیەکی سەرکەوتوو بوو، هەربۆیە پارتی لە دۆخی ئارام و خۆشگوزەرانی دا زیاتر گەشە دەکات، ئەو ئارامی و گۆڕانکارییەی کە بەسەر ژیانی خەڵکی دا لە هەولێر بەدیهاتووە، باشترین بەڵگەیە.

# ئیسلامییەکان درەنگ دەگەن، بۆچی زوو دەڕۆن؟



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

خێرا دوورکەوتنەوە یان دابڕان یان دوورخستنەوەی ئیسلامییەکان لەدەسەڵات، زۆر هۆکاری خودی و بابەتییان هەیە وەك هەڵەکانی خۆیان، هەڵویستی نەیارەکانیان، هەڵوێستی نێودەوڵەتیی، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی ئیسلامییەکان کەلتووری رەخنە لەخۆگرتنی ئاشکرایان نییە، بۆیە بەئاشکرا باس لەهۆکارە دەرەکییەکان زۆرتر دەکەن، باسی هەڵەکانی خۆشیان لە کۆبوونەوە تایبەتە نێوخۆییەکانیاندا دەکەن، لەکاتێکدا کەحزب - هەر حزبێك - تەنها موڵکی ئەندامەکانی خۆی نییە، بەڵکو موڵکی تەواوی کۆمەڵگەیە، بۆیە من لێرەدا هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر هەندێك لە هەڵەی ئیسلامییەکان خۆیان.

بزاڤە ئیسلامییەکان لەسەرەتاوە بۆ مەبەستێکی ئاینیی پەیدابوون، بۆیە زۆر درەنگ ئاوڕیان لەکێشە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و نەتەوایەتیی نێو وڵاتەکانی خۆیان داوەتەوە، ئەو ئاوڕدانەوەیەش لە قۆناغی شیعارو دروشم تێپەڕ نەبووە، واتە ئەوەندەی (شیعار)ێکی ئاینیی بووە، ئەوەندە (مەشروع)ێکی سیاسیی نەبووە.

بۆیە هەتا ئەمڕۆش بزاڤە ئیسلامییەکان لەگەڵ گەیشتنیان بە دەسەڵات تووشی کێشەی زۆر (گەورە) و (نوێ) دەبنەوە کە پێشتر تەنها لەنێو کتێبە (بچووك) و (کۆن)ەکاندا وەڵامی ساکاریان بۆ ئامادە کردووە، ئەمانەی لای خوارەوەش بەشێکن لەو کێشانە.

**کێشەی یەکەم:**

زۆرینەی ئیسلامییەکان کێشەی گوتارو گوتاری سیاسییان هەیە، سەبارەت بەهۆیەکانی ئەم گرفتەش کە لەگوتاری بزاڤە ئیسلامییەکاندا هەن و، دەتوانین ئاماژە بە هۆکارێکی سەرەکی بکەین کە ئەویش ئەوەیە کە بەشێکی زۆری سیاسەتوانانی ئەمڕۆی بزاڤە ئیسلامییەکان لەبواری ئایینی و بانگەوازی ئایینیی و لەسەر مینبەرو لەپێشنوێژییکردنی مزگەوتەوە هاتوونەتە نێو دنیای سیاسەت، بۆیە کاریگەریی گوتاری پەروەردەیی بەسەرگوتاری سیاسییاندا زاڵە، ئەمە لەکاتێکدا کە گوتاری پەروەردەیی جیایە لە گوتاری سیاسیی، چونکە گوتاری پەروەردەیی: گوتارێکی تاك ئاڕاستەیە، لە کاتێکدا گوتاری سیاسیی بەدوو ئاڕاستەیە، هەروەها گوتاری پەروەردەیی وەك گوتاری مامۆستا بۆ قوتابی، یان وتاربێژ بۆ گوێگران، یان زانا بۆ نەزان یان گەورە بۆ بچوکە، لەکاتێکدا گوتاری سیاسیی هاوتایەو، گوتاری مرۆڤ بۆ مرۆڤە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە گوتاری پەروەردەیی گوتارێکی پیرۆزکراوەو دوایین قسەکانی خۆی دەکات، بەڵام گوتاری سیاسیی گوتارێکی رێژەییەو شیاوی پێداچوونەوەو رەتکردنەوەشە.

ئەمە جگە لەوەی لەڕووی زمان و زەمانیشەوە بەهەندێك لە قسەکانی دوێنێی خەڵکانێك، دەیانەوێت کێشەکانی ئەمڕۆی خەڵکێکی دی چارەسەر بکەن، کەم ئاگا لەوەی کە ئەگەر قسەکانی دوێنێ بۆ ئەمڕۆشمان بشێن، مانای وایە ئێمە هێشتا لە دوێنێدا دەژین!

**کێشەی دووەم:**

کێشەی دوا ئامانجە لەکاری سیاسیی، واتە بزاڤە ئیسلامییەکان بەگشتی ئەو بزاڤانەن کە زۆر چاك دەزانن چییان ناوێت، بەڵام زۆر چاك نازانن چییان دەوێت؟ چۆنیان دەوێت؟ سیاسەتی ئەوان لەچییدا جیاوازە لەوانی دی؟

بڕوانە بزاڤە ئیسلامییەکان لەدوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، لە هەوڵی گێڕانەوەی خەلافەت و بەیعە و شورا و حەل و عەقد و، پەیماننامەی مەدینە و، ئەحکامی ئەهلی کیتاب و زۆر شتی تر، سێ چارەکە سەدە خەباتیان کرد و، تووشی گرتن و بردن و ئەشکەنجە و کوشتن و ماڵ وێرانیی بوون، کەچی ئێستا دەڵێن: دەوڵەتی خەلافەت دەوڵەتێکی مەدەنیە و، خەلیفە واتە سەرۆك کۆمار و، بەیعەت واتە هەڵبژاردن و، حەل و عەقد واتە پەرلەمان و، شورا

واتە دیموکراسی و، ئەهلی کیتاب و ئەوانی دی واتە کەمینەکان و، پەیماننامەی مەدینە واتە دەستور و، سیستمی (ئەمان) واتە پێدانی ڕەگەزنامە و.. هتد.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەر بزاڤە ئیسلامییەکان بەرچاو روون بوونایە و، لە سەرەتاوە ئاوایان بگووتبایە ئێستا چەند لەپێش دەبوون و، چەندیش ئەو هەموو کارەساتانەیان تێدەپەڕاند کە بەسەر خۆیان و خەڵکیاندا هێنا؟!

**کێشەی سێیەم:**

کێشەی تێگەیشتن لەچەمکی دەوڵەت، بۆیە بزاڤە ئیسلامییەکان هێشتا کێشەی تێگەیشتنیان هەیە لەچەمکی دەوڵەت و دەوڵەتی ئیسلامییدا، دەوڵەت لای ئەوان روون نییە کەی دەبێت بە ئیسلامیی؟ چۆن دەبێت بە ئیسلامیی؟ بەچی دەبێت بە ئیسلامیی؟ کاری ئەو دەوڵەتە چی دەبێت؟

**کێشەی چوارەم:**

کێشەی رەتکردنەوەی شەراکەتی راستەقینەیە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، واتە : ئەوان خۆیان بۆ (بەدیل)ی دەسەڵات پەروەردە کردبوو، نەك وەك (شەریك)، بۆیە هێشتا لە شەراکەتی سیاسیی راستەقینە نەگەیشتوون، ئەمەش زۆر رەهەندی ئایدیۆلۆژیی و دەروونیی کۆنی هەیە، کاتێك چەمکی (وەلاو بەرا)ی نەگۆڕی بواری عەقیدە، کە چەمکێکی ئاینییە، تێکەڵ دەکەن لەگەڵ چەمکی (قبوڵکردنی ئەوی دی) گۆڕاو کە چەمکێکی سیاسییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوەندەی ئەوان ئایین پەروەرێکی سیاسیین، ئەوەندە سیاسییەکی ئایین پەروەر نین.

**کێشەی پێنجەم:**

کێشەی گەیشتن بە لووتکەی دەسەڵاتە بەبێ تێپەڕبوون بەدامێن و ناوەڕاستی چیای دەسەڵاتدا، واتە ئەوان لەم ئەزموونانەی دواییدا سەرنەکەوتن بەرەو دەسەڵات، بەڵکو لەسەر دەسەڵات نیشتنەوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان سەرکەوتن بۆ دەسەڵات و نیشتنەوە لەسەر دەسەڵات، سەرکەوتن بەرەو دەسەڵات خۆت تیایدا کارای، خۆت قۆناغەکانی سەرکەوتنەکە دەبینیت و ئەزموون کەڵەکە دەکەیت، بەڵام نیشتنەوە لەسەر دەسەڵات، شەپۆلێکی خەڵکی دیکەیە هەڵتدەگرێت و لەسەر لوتکەی دەسەڵات خۆت دەبینیتەوەو، لە قۆناغی سەرەتاییەوە بازت پێدەدەن بۆ زانکۆیەك کە لەئاستی خۆت زۆر بڵندترو قورسترە.

**کێشەی شەشەم:**

کێشەی نەگونجانە لەگەڵ سیستم و دام و دەزگا نێودەوڵەتییەکان، ئەوە راستە کە ئەوان (شەعبییەت)یان هەیە، هەڵبژاردنیش (شەرعییەت)یان پێدەبەخشێت، بەڵام کە لەگەمەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ناتوانن یان نایانەوێت تەبا بن لەگەڵ بەرژەوەندییە جیهانییە هاوبەشەکاندا، ئەوسا (مەشروعییەت)ی نێودەوڵەتی لەدەست دەدەن، بەمەش (شەرعییەت)ی هەڵبژاردنیان بەتاڵ دەکرێتەوەو، هەرلێرەشەوە (شەعبییەت)یان دادەبەزێت و، جارێکی دیکەش ئەگەر بیانەوێت بێنەوە دەسەڵات یان دەبێت ڕەنگی خۆیان بگۆڕن، یانیش دەبێت رەنگە تۆخەکەیان کاڵ بکەنەوە تا ئەو رادەیەی تێکەڵ بەشەبەنگی رەنگەکانی دیکە بن!!

**کێشەی حەوتەم:**

بزاڤە ئیسلامییەکان کێشەی (وێنە) و(وێنا)کردنیان هەیە، ئەوان (وێنا)ی جیهانێکیان لە مێشکی خۆیان کێشاوە کە ناتوانن بیکەنە (وێنە)، بۆیە لەوە نەگەیشتوون کە جەماوەرو جیهان (وێنە)ی ئەو ژیان و دونیابینییەی لێیان دەوێت کە ئەوان دەبێت دروستی بکەن، بەڵام ئەوان هەر (وێنا)یەك بەهەوادارو دەوروبەریان دەدەن کە لەرابووردوودا هەبووەو لە ڕێگەی کتێبەکانەوە بیستوویانەو خوێندوویانەتەوە.

**کێشەی هەشتەم :**

کێشەی هەوڵدانە بۆ قۆرخکردنی زۆرترین پانتایی دەستوور بۆ خۆیان، نەك بۆ ئەوانی دی، ئەمە لەکاتێکدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە مەدینەوە فێری کردین کە دەستوور:

گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەی نێوان هەمووانەو، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیانە.

شتێك لە هەموو شتەکانی هەر لایەنێکی تێدایە، نەك هەموو شتەکانی هەر لایەنێك.

بازنەیەکە بۆ کۆکردنەوەی گشت و، خولگەیەکیشە بۆ جووڵەی ئاسایی و یاسایی هەمووان.

چوارچێوەیەکی هاوبەشە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش و، بازنەیەکیشە بۆ ئینتیماکردن بۆ یەك نیشتمان.

وەك زەمینەی پێکەوە ژیانی لەیەکچووەکانە، هەر ئاواش بۆ پێکەوە هەڵکردنی جیاوازەکانە.

**کێشەی نۆیەم:**

ئەوان هێشتا بەڕوونی وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگەیان نەداوەتەوە:

ئایا بەخەڵك و نەتەوە و گەلێك نوێنەرایەتی فیکرێکی ئاینیی دەکەن؟

یان بەفیکرێکی سیاسیی نوێنەرایەتی خەڵك و نەتەوە و گەلێك دەکەن؟

بۆیە تا ئێستا بزاڤە ئیسلامییەکان لە باکگراوندی ئایینیەکەیانەوە بەو جۆرەن کە لەرێگەی گەلەوە نوێنەرایەتی فیکرێکی ئاینیی بکەن، لەکاتێکدا وەك حزبێکی سیاسیی دەبوو لە ڕێگەی فکرێکی سیاسییەوە نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵك بکەن.

بۆیە لای تەواوی جیهان ئاساییە کە هەر دەسەڵاتێك بەفکرێك نوێنەرایەتی گەلێك یان نەتەوەیەك بکات، نەك نوێنەرایەتی فیکرێك بە گەلێك بکات، چونکە لەحاڵەتی یەکەمدا، واتە نوێنەرایەتیکردنی فیکرێك بە گەلێك، فیکر جیهانیە و رەهەندی هەناردنە دەرەوەی دەبێت و، پەل دەهاوێت بۆ وڵاتانی دی، دەبێتە ئیسلامێکی گلۆباڵ کە لەبیری گشت نیشتمانی ئیسلامیدا دەبێت، بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا، کە ئەزموونەکە بەفکرێك نوێنەرایەتی گەل و نەتەوەیەك دەکات و، دەبێتە ئەزموونێکی ناوخۆیی و تایبەت و، وەك ئیسلامێکی لۆکاڵ لەخەمی پیادەکردنی ئیسلامێکی نیشتمانیی دەبێت.

**کێشەی دەیەم:**

ئەم پرسیارە هێشتا لەبەردەم ئیسلامییەکانی جیهاندا لەڕووی پراکتیکەوە بێ وەڵامە:


کامیان لە پێش ئەوی تردایە: ئایین یان ئازادی؟ دیارە لە رووانگەی (لا اکراه فی الدین)ەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئازادی لەپێش ئاینداپە، چونکە مرۆڤەکان بە ئازادی ئایین هەڵدەبژێرن و بە ئازادیش سروتەکانی ئاین و پێداویستییەکانی ئایین جێبەجێ دەکەن.

بەڵام دیارە لەزۆربەی ئەزموونە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمەدا، سەرکردەی بەپەلەو هەناسەسوارو کەم ئارام و کەم شارەزا، توانای ئەوەیان نییە بە بۆچوونەکانیان قەناعەت بە بەرامبەرەکانیان بێنن، بۆیە دێن بە زەبری یاسا و بیری توند، کاریان بەسەر خەڵکدا فەرز دەکەن و، دەست وەردەدەنە نێو ژیانی تایبەتی مرۆڤەکان و، تایبەتمەندییەکانی تاکە کەس و کۆمەڵگە، بێ ئاگا لەوەی کە ئازادیی بیروڕای ئاینیی و مەزهەبی و سیاسیی و، ئازادیی پۆشینی جل و بەرگ و باڵاپۆشیی، مافێکی سەرەکی و خوا پێدراوی گشت مرۆڤەکانە، لەگەڵ مرۆڤدا لەدایك دەبێت و لەگەڵیدا دەژی، چونکە بە ئازادی و لە ئازادیداو بە سەلماندن مرۆڤ جوانتر تێدەگات و بڕیار دەدات، بەڵام لەژێر چەپۆکی قورسی هێز و زەبر و زەنگی سەپاندندا، مرۆڤەکان دەبنە رۆبۆت و دەسەڵاتیش دەڕووخێت و، وڵاتیش وێران دەبێت.

**نیشتنەوە لەسەر دەسەڵات، شەپۆلێکی خەڵکی دیکەیە هەڵتدەگرێت و لەسەر لوتکەی دەسەڵات خۆت دەبینیتەوەو، لە قۆناغی سەرەتاییەوە بازت پێدەدەن بۆ زانکۆیەک کە لەئاستی خۆت زۆر بڵندترو قورسترە**

**بە ئازادی و لە ئازادیداو بە سەلماندنی مرۆڤ جوانتر تێدەگات و بڕیار دەدات، بەڵام لەژێر چەپۆکی قورسی هێز و زەبر و زەنگی سەپاندندا، مرۆڤەکان دەبنە ڕۆبۆت و دەسەڵاتیش دەڕووخێت و، وڵاتیش وێران دەبێت**


موعدنا ٣٠/٦




# میسر قۆناغی حکومڕانی فاشیلی ئیخوانی تێپەڕاند

## سوپا لایەنگری گەل دەکات ئیخوانیش دوایەمین شەڕیان دەکەن

ئەسما ئەلحوسەینی/قاهیره

لە پەرەسەندنێکی دراماتیکی خێرادا لە میسر شۆڕشی گەل گڕوتینی زۆرتری بەخۆیەوە بینی و ملیۆنەها میسری کە ١٦-٣٣ ملیۆن کەس مەزەندە دەکران ڕژانە گۆڕەپان و مەیدان و شەقامەکان و داوای ڕۆیشتنی سەرۆك موحەمەد مورسییان دەکرد کە سەر بە کۆمەڵەی ئیخوان موسلمینە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ ساڵیادی دانانیدا وەك یەکەم سەرۆکی مەدەنی هەڵبژێردراو بەر لە ساڵێك لەمەوبەر، دوای ئەوەی هەموو ئاسۆیەکانی چارەسەرکردن لەگەڵ سەرۆك و ئیخوان بە بنبەست گەیشتن لە کۆتاییدا سوپا داواکاری گەلی بە جێگەیاند بە لادانی مورسی، سەرەڕای فشارەکانی ئەمریکا و هەڕەشەکانی ئیخوان و کۆمەڵە ئیسلامییە هاوپەیمانەکانی بە ئاڵۆزتر کردنی بارودۆخەکە، وەزیری بەرگری عەبدولفەتاح ئەلسیسی بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەزهەر و کەنیسە و هێزە میسرییە جیاوازەکان لەوانەش حزبی (نور)ی سەلەفی، بەڵام لە غیابی ئیخوان



**د. ناجح ئیبراهیم:**
**دەمانتوانی هەموو لایەک بۆخۆمان رابکێشین بە گوتاری تەوازوع و لێبوردن کە دوژمنایەتییەکان دەشکێنێت و خۆشەویستی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام گوتاری خۆ بەزل زانین و دوژمنایەتی کردن بووە هۆی لە دەستدانی زۆربەی دۆستانمان**

کە ئامادەبوونیان رەتکردەوە، لە بەیاننامەیەکدا سیسی ئەمەی راگەیاند جەماوەری میسر چاوەڕوانی بوون دوای کۆبوونەوەیان بۆ چەند رۆژێك لەسەر شەقامەکان، دوای بەیاننامەکەش جەماوەر بە خۆشی و شادی پێشوازییان لێیکرد، سیسی هەروەها عەدلی مەنسوری سەرۆکی دادگای دەستووری بە سەرۆکی کاتی میسر داناو ئەویش سوێندی یاسایی خوارد، هەروەها ئەو دەستوورەی ئیخوانەکان دوور لە هەموو هێزەکانی دیکە دایانڕشت لە کاری خست، جگە لەمە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنێکی سەرۆکایەتی و پێکهێنانی حکومەتێکی تەکنۆکرات و کارکردن بۆ تێکەڵ کردنی گەنجان لە دامودەزگاکانی دەوڵەت و پێکهێنانی لیژنەی باڵای ئاشتەوایی نیشتیمانی و میساقی شەرەفی کاری راگەیاندن و دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی مورسی و دەستگیرکردنی چەندین سەرکردەی ئیخوان و رێگاگرتن لە سەفەر کردنی بەشێکی دیکەیشی بۆ دەرەوەی میسر راگەیاند.

سەرەڕای هەوڵەکانی سوپاو بژاردەکانی میسر بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەندامان و سەرکردەکانی ئیخوان موسلمین و لایەنگرانی رەوتی ئیسلامی بە گشتی و دووپات کردنەوە لەوەی رێگا بە ئیهانە کردنیان نادەن و بەوەی قۆناغی داهاتوو هیچ پشتگوێ و پەراوێزخستن و لادان و دادگایی کردنیان رووناداتت تەنیا بەپێی یاسا نەبێت، بەڵام کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین هاوپەیمانەکانی دەستیان کرد بە نانەوەی پشێوی و بانگ کردن بۆ جیهاد و بەرگری کردنی سوپا و سەرۆکەکەی سیسی (کە بە تێڕوانینی زۆربەی میسرییەکانی بووەتە پاڵەوان)، هەروەها بەشێك لە ئیخوانەکان بە خائینیان وەسف کرد و داوای هەڵگەڕانەوەی سوپایان کرد، بۆیە رۆژی هەینی رابردوو چەندین کرداری تیرۆریستی بۆ سەر چەند بنکەیەکی سوپا لە سینا روویاندا ئەمەش سوپای ناچار کرد بە هێز وەڵامی ئەم گرووپە تیرۆریستیانە بداتەوە، هەروەها سینای بە ناوچەیەکی جەنگ راگەیاند و ئاڵۆزییەکان گەیشتنە لووتکە بە وتاری رۆژی هەینی مورشیدی باڵای ئیخوان موحەمەد بەدیع کە داوای لە ئیخوانەکان کرد دژی کودەتاچییەکانی شەرعیەت بەرگری بکەن و مورسی وەك سەرۆك بە هێز بگەڕێننەوە، ئەم وتارەش سەرەتای پروشکی سەرهەڵدانی توندوتیژی بوو لە شەقامەکانی میسر و دواتریش ئیخوانە خۆپیشاندەرەکان روویان کردە شوێنی کۆبوونەوەی لاوانی شۆڕش، ئەمەش بەریەککەوتنی بەدوای خۆیدا هێنا و بووە هۆی کوشتنی ٣٠ کەس و بریندار بوونی سەدان کەسی دیکە، ئەم وتارەش زۆر لە وتاری سەرۆکی پێشوو مورسی دەچوو کە رازی نەبوو واز لە دەسەڵات بهێنێت و دەرەنجام کاری توندوتیژی بەرفراوانی لێکەوتەوە.

بەر لەم هەنگاوەی دوایی زۆر پێشەکی هاتنە ئاراوە کە تووڕەیی جەماوەری دەردەخست و چەندین چین و توێژی بەرفراوانی میسرییەکان رازی نەبوون لە ئەدا و سیاسەتەکانی ئیخوان و سەرۆکیان لە حوکم لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی و کارو کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە نەك تەنیا لەبەر خراپیی بارودۆخی ئابووری کە هۆکارێکی سەرەکی تووڕە بوونی میسرییەکان بوو لە حوکمی ئیخوان بەهۆی دابەزینی بەهای جونەیهی میسری و نەبوونی توانای کڕین و بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری، بەتایبەتی دوای زۆربوونی گرفتە داراییە درێژخانەکان بەشێوەیەکی ترسناك لە دوای هەڵبژاردنی مورسی بەر لە ساڵێك، ئەمانە وایان کرد حکومەت نەتوانێت پێداویستی زۆربەی میسرییە هەژارەکان و خاوەن داهاتە دیاریکراوەکان و چینی ناوەند دابین بکات کە ئارامییان لێ بڕا بوو، قەیرانی نەبوونی سووتەمەنی لە رۆژانی دوایی حوکمی مورسی بووە هۆی کۆبوونەوەی سەدان ئۆتۆمبیل بۆ چەندین کاتژمێر لەبەردەم وێستگەکان سەرەڕای پچڕانی بەردەوامی ئاو و کارەبا.

**د.ناجح ئیبراهیم بۆ گوڵان:**

## ئیخوان لە دروستکردنی دۆست شکستی هێنا و لەدروستکردنی دوژمن سەرکەوتنی بەدەست هێنا

بەڵام سەرەڕای ئەمەش چەندین هۆکار هەبوون کە وایان لە میسرییەکان کرد شۆڕش ئەنجام بدەن و یاخی بن لە دەسەڵاتداریەتیی مورسی، دکتۆر ناجح ئیبراهیم سەرکردەی ئیسلامی کە بە رەخنە گرتن لە رەفتاری ئیسلامییەکان ناسراوە بەم شێوەیە بۆ گوڵان باسیان دەکات: (( گرنگترین هۆکاری لەدەستدانی ئەم هەلە لەلایەن ئیخوانەکان و ئیسلامییەکان بە گشتی بریتی بوو لە سەرنەکەوتن لە بەدەستهێنانی دۆست و سەرکەوتن لە درووستکردنی دوژمن و کۆکردنەوەیان بەیەکەوە و ئەگەر ئەو گوتاری خۆ بەزل زانین و دوژمنکارانە نەبوایە کە بەشێك قسەیان پێکرد و لە ماوەی دواییدا هێزەکەی زیادی کرد، ئێمە توانیمان نەیارەکان بە دوژمن بکەین و کۆیان بکەینەوە هەرچەندە ئەوان لە چەند رەوتێکی جیاجیا بوون کە هیچ کات کۆنەبوونەتەوە و یەك قسە نەبوون و لەسەرەتای شۆڕش زۆربەیان پشتگیرییان دەکردین و لەگەڵ ئیسلامییەکان یەکیان گرت، هەروەها سەرکەوتین لە دوژمنایەتی کردنی دادوەران کاتێك هەموو دادوەرانمان بە گەندەڵ ناوزەد کرد، هەرچەندە قورئانی پیرۆز کاتێك باسی لە نەیارانی کردن لە ئەهلی کیتاب وتی: (لیسوا سواء) تەنانەت دادوەرە باشەکانیشیان زیادەڕۆییان کرد لە ئیحراج کردن و فشارخستنە سەریان ئیهانە کردنیان بە ملیۆنییەی پاك کردنی دادوەری، دکتۆر ناجح، هەروەها دەڵێ: سەرکەوتین لە دوژمنایەتی کردنی راگەیاندنکارەکان تەنانەت ئەوانەی لەگەڵ سەرۆکیش بوون و پشتگیرییان

کــرد لە هەڵمەتـــی هەڵبژاردنی، ســـەرکەوتوو بووین لە دوژمنایەتی کردنی ئەزهەر و شــێخ و زاناکانی، جگە لە بانگەوازی گۆڕینی مەنهەجەکانی ئەزهەر بە مەنهەجی دیکە کە لەگەڵ بزوتنەوە ئیسلامییە نوێیەکان بگونجێت، لە کاتێکدا پێویستە ئەزهەر هەمیشە دوور بێت لە دەسەڵات نەپاشــکۆی بێت و نەدژایەتی بکات و دەست نەخاتە نێو هیچ ململانێیەکی سیاسی تێکی بدات و لە زۆر پێگەی کاریگەر دووری بخاتەوە.

ئیبراهیم هەروەها دەڵـــێ: دەمانتوانی ئەزهەر و زاناکانی بۆخۆمـــان رابکێشـــین ئەویش بە ڕێز گرتن و ســـتایش کردنیان نەک بە لابردن و پەراوێز خستنیان بۆ بەرژەوەندی بانگخوازانی بزوتنەوەی ئیســـلامی کە لە بواری زانست و فقهییـــەوە لە ئەزهـــەر نزمتـــرن، و لایەنگری کردنی کۆمەڵەکانیان لە بەرامبەر ئەزهەر ئەمەش کارێکی سلبییە لە بانگخـــواز و زانا نەک ئیجابـــی، هەروەها حاڵەتێکی دوژمنکارانـــەی بە کۆمەڵ هەبـــوو بەرامبەر بە هەموو رۆشنبیرانی میســـر، هەرچەندە هەموو لایەک کۆک بوون لەسەر چاکسازی وپاککردنی خودی وەزارەتی رۆشنبیری، چونکە چاکســـازی پێویســـتی بە پیاوێکی دەست و دڵ پاك هەیە کە بتوانێت بە سیاســـەت و ڕێزبەندی کەســـە پاکـــەکان بهێڵێتەوە و گەندەڵەکان لابەرێت لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی باش کە هەموو لایەك رازی بکات بەوەی ئێمە چاکسازیمان دەوێ نەک سڕینەوەی ئەوی تر و دوورەپەرێز کردنی.

ئیبراهیم ناجـــح زیاتر لەم بارەیەوە بـــاس لە هۆکارەکانی ســـەرنەکەوتنی ئیخـــوان دەکات و دەڵێـــت: دەمانتوانی مەســـیحییەکان رانەکێشـــین بۆ ئـــەوەی دوژمنایەتیمان نەکەن، بەڵام هەندێك ســـوور بوون لەسەر هەڕەشە کردنیان لـــە وتارەکانیـــان بەبێ هیچ هۆیـــەك، هەروەها دەوڵەتی میسرمان خستە نێو شـــەڕێکی بێ بیانوو لەگەڵ شیعە ، چونکە بیرمەنـــدەکان دەیانتوانـــی لەلایەنی فکرییەوە وەڵامی شـــیعە بدەنەوە نەك ١٠٠ ملیۆن شـــیعە بکەن بە دوژمنی دەوڵەت و سەرۆکایەتی، ناکۆکین لەگەڵیان وەك بانگخواز، بەڵام دەوڵەت دوژمنایەتی گەلان ناکات ئەگەر لە رووی ئایینی فکرییەوە ناکۆکیش بن، دەتوانین ناکۆك بین لەگـــەڵ حکومەتی لەناوچوو و گـــۆڕاو، هەروەها دەتوانی هێرش بکەیتە ســـەر حکومەتی ئەمریکی، بەڵام ناتوانی هێرش بکەیتە ســـەر گەلی ئەمریکا ئەگەرچی ناکۆکیش بن لە رووی عەقیدە و ئایینەوە بەتایبەتی ئەگەر ئەمە لە حزووری ســـەرۆك رووبدات، دەمانتوانی هەموو لایەك بۆخۆمان رابکێشین بە گوتاری تەوازوع و لێبوردن کە دوژمنایەتییەکان دەشـــکێنێت و خۆشەویستی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام گوتاری خۆ بەزل زانین و دوژمنایەتی کردن بووە هۆی لە دەستدانی زۆربەی دۆستانمان، بەتایبەتی کە ئێمە نەمانتوانی هیچ شتێك لەسەر ئەرزی واقع پێشکەش بە گەلی میســـر بکەین، دەمانتوانی قســـەیەکی خۆشی پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی لە کەمتەرخەمیمان ببوری لە بواری ئابووری و ئاسایش و گەشتیاری و پیشەسازی.

**حەسەن نافعە نوسەر و بیرمەندی میسری بۆ گوڵان:**

## ئیخوان خاوەنی ئەزموونی ٨٠ ساڵی هەبوو، بەڵام نەیتوانی خۆی لەگەڵ بارودۆخی تازە بگونجێنێت

نووسەر و بیرمەند حەسەن نافعە لە لیدوانیکی بۆ گوڵان پێیوایە ئیخوان ئێستا لە گەلی میسری دابڕاون و پێویستە سەرکردەکانیان بەدوای هۆکارەکاندا بگەڕێن و چارەسەری بکـــەن، ئەگینا بـــە فەنا بوونـــی تەواو حوکم بەســـەر خۆیاندا دەســـەپێنن و وای دەبینێت کـــە ئیخوان خۆڕاگر بوون بەرامبەر بە هەموو ئەو ئاســـتەنگانەی رووبەروویان بوونەوە لە رۆژی دامەزراندنیانەوە بەر لە ٨٠ ساڵ، بەڵام نەیانتوانی خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە بەشـــێوەیەکی ریشەیی گۆڕا دوای شۆڕشی ٢٥ی یەنایەری ٢٠١١، حەسەن نافعە ئیخوان بـــە بەهێزترین هێزی رێکخراو دەزانێت لە دوای شـــۆڕش ئەمەش بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی ئاســـان کرد و گەیشـــتنی نوێنەرەکانی بە سەرۆکایەتی ئاســـان کرد و رێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی دەست بە سەر هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا بگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم دەستکەوتە لەناکاوانە ئیخوانی خستە بەردەم هەڵبژاردەیەکی سەخت بۆ سەلماندنی شیاوی خۆی لـــە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا وخەڵك پێشـــبینی ئەوەیـــان دەکرد کە حەکیمانە رەفتـــار بکات و کار بکات بۆ ســـوود وەرگرتن لە هەموو تواناکانی بەردەســـتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە کەڵەکەبووەکانن بەڵام ئەو (ئیخوان) لەهەموو بەڵێنەکانی خۆی کە پێشـــتر دابووی پاشگەز بۆوە بە پەیڕەو کردنی پرەنسیپی (بەشداری کردن نەك ســـەرکەوتن) و تەنیا بیری زیادکردنی دەســـەڵاتی تاکانەی خۆی و دەست گرتن بەسەر کلیلەکانی دەسەڵات دەکردەوە زیاتر لە گرنگیدان بە دۆزینەوەی چارەســـەری کێشـــەکانی خەڵك و دووبارە بونیادنانەوەی موئەسەساتی دەوڵەت لەســـەر بنەمایەکی درووست کە بەشداری کردنی هەموو لایەك فەراهەم دەکات، ئەمەش بە روونی دەرکەوت لە هەوڵدان و پێداگیری کردنی لە هێشـــتنەوەی پشـــکی شێر لە کورسییەکانی پەرلەمان و کۆمەڵەی دامەزرێنەری دارشتنەوەی دەســـتوور بۆ خۆی، هەروەها لە هەڵوێستی کەلەرەقانەی لە نووســـینەوەی دەستوور کە هەلێکی باش بوو بۆ بونیادنانی تەوافوقی نیشـــتیمانی کە ئەمەش بووە هۆی قووڵ بوونـــی جیاوازی لەنێوان خـــۆی و ئەوانی تر، موحەمەد مورسی دەستەوەســـتان مایەوە و نەیتوانی



**حەسەن نافعە:**

**ئیخوان ئێستا لە گەلی میسری دابڕاون و پێویستە سەرکردەکانیان بەدوای هۆکارەکاندا بگەڕێن و چارەسەری بکەن، ئەگینا بە فەنا بوونی تەواو حوکم بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن**

میسرییەکان ڕازی بکات بەوەی کە سەرۆکی هەموویانە، چونکە دەســەڵاتەکانی خۆی لە کۆشکی سەرۆکایەتی بــەکار دەهێنا بەوپێیــەی نوێنــەری ئیخوانەکانە، تاکە ئەرکیشــی بریتی بوو لە یارمەتیدانی لــە مانەوەی لە دەســەڵات، بۆیە سرووشــتییە ئەگــەر ڕرۆژ دوای ڕۆژ میللەتی لێی بێزار ببێت، نافعە پێیوایە ئیخوان حیساباتی خۆیان لەســەر بنەمای ئەوەی بەهێزترین ڕێکخراو و بە تواناتریــن لە کۆکردنەوەی جەماوەر بونیاد نابوو، بەڵام لە کۆتاییدا بە تەنیــا مایەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی میللەت، میللەتانیــش لە کۆتاییدا لە کۆمەڵەکان ناترســن ئەگەر هەموو ئەندامانیشی ببن بە پشتێنەی بۆمبرێژکراو.

### ڕۆژنامەنووس موکەڕەم موحەمەد ئەحمەد بۆ گوڵان:
## حکومی فاشیلی ئیخوان لەماوەی ساڵێکدا دەرکەوت

نووســەر و ڕۆژنامەنووس موکــەڕەم موحەمەد ئەمین لە لێدوانێکی بۆ گوڵان ئاماژەی بەوەکرد، ئیرادەی گەلی میسر سەرکەوت و حوکمی ئیخوان موسلمین ڕووخا دوای ســاڵێك لە حوکمی فاشیل کە بە نەبوونی دادپەروەری و پاوان کردنی پۆست و پلەکان بۆ ئەوەی ئیخوان بتوانن بێنە سەر کورسیی دەسەڵات و کۆنترۆڵی جومگەکانی دەوڵەت بکەن، موکەڕەم زیاتر دەڵێ: پێویست بە دووبارە کردنەوەی ئەوهۆکارانە نــاکات کە وایان لە گەلی میســری کرد حوکمی ئــەم جەماعەتە ڕەت بکاتەوە، چونکە هەموویان ئەو ئەزموونە ناخۆشــەیان بینی کــە خەریك بوو وڵات بەرەو فیتنەیەکی گەورە ببات و تێیدا ســەدان شــەهید و بریــندار کەوتنەوە و وڵات بەرەو شــەڕێکی ناوخۆیی هەنگاوی دەنا و هەموو لایەك تا ئێستا لەژێر ئاسەواری ئەم دەسەڵاتە زۆردار و دواکەتووە دەژین کە بەڵێنی خێری بە میســرییەکان دا، بەڵام وڵاتی خســتە نێو تونێلێکی تاریکەوە ونەهامەتییەکانی ژیانی میســرییەکانی زیاتر کرد بــە ڕادەیەکی خەریك گیانیــان دەرچێت و چەندین کێشە لەگەڵ دامودەزگاکانی دەوڵەت خولقاند، سەرەتا بە دادوەری لەوانەش دادگای باڵای دەستووری و داواکاری گشــتی و گشت ڕیزبەندییەکانی دادگا کە زۆردارانە بە سیاســەت کردنی ئەحکامەکان تاوانبــاری کردن ئەگەر بەپێــی ئارەزوو و بەرژەوەندی ئیخوانــەکان دەرنەچن، تا دەگاتــە ڕاگەیاندن ئەویش ڕووبەڕووی هێرشــێکی توند بۆوە بۆ داخســتنی دەمیان، هەروەها دەزگای ســوپا و پۆلیس کە بڕیاری ڕاســتیان دا و کەوتنە بەرەی گەل لە ساتەوەختێکی یەکلاکەرەوەی مێژووی میسر.

موکەڕەم پێیوایە کە گرنگترین سوود لە دووبارە کردنەوەی هۆکارەکان بریتییە لە خوێندنەوەی دواڕۆژێکی نزیك لەژێر ڕۆشنایی دەرەنجامەکانی ڕووداوی دەرکەوتنی گەورە لە ٣٠ یۆنیۆ کە گەورەترین خۆنیشاندانی ئاشتیخوازانەی لە مێژووی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینی، دانایی میسرییەکانی بۆ دیموکراسیەتی خۆیان و جۆش وخرۆشی نەوەکانی نوێی سەلماند، هەروەها بۆ جیهانیشی سەلماند کە میسرییەکان ئیســتیحقاقیان بریتییە لە دیموکراسییەتێکی کامڵی بێ کەموکوڕییە، لەپێشەوەی ئەم خوێندنەوەیەش یەکگرتوویی بەرەی ناوخۆی میسرو ڕزگار بوونی لە هەموو نەخۆشی و ناکۆکییــەکان دێت، چونکە گەل و ســوپا و پۆلیس و ئەزهەر و کەنیســە و لاوانی شــۆڕش و هەموو هێزە مەدەنییەکان بە جیاوازی ئینتیمای سیاســییان و ڕەوتی حزبی نوری سەلەفی کە لە هەموو کۆمەڵە ئیسلامییەکان وشیارترە، کە لەدوای کۆبوونەوەی میسرییەکان لە دەوری شۆڕشــی ٢٥ی یەنایر ئەمانە هەموویان یەك دەســت و بەرەیەکی پتەو بوون ، سوپایەکی گەورە دەیانپارێزێت کە پەیمانی خۆی بەجێگەیاند و خۆنیشاندانە ئاشتییانەکەی میسرییەکانی پاراست کە وەك تۆفان دەرکەوت و گۆڕەپان و مەیدانەکانی پــڕ کرد و لایەنگیری گەلی کرد، بەڵام دوای ڕووخانی دەســەڵاتی ئیخوان گەڕایەوە شوێنەکانی خۆی بۆ پاراســتنی ئەمنی نەتەوەیی میســر و نەبووە لایەنێك لە ململانێی هێزە سیاســییەکان یان شــەریك لە دەسەڵات تاکو ئەوەی بۆ گەلەکەی وبۆ هەموو جیهانی بسەلمێنێت کە ســوپایەکی نیشتیمانی پیشەییە و ڕێز لە نەریتە ســەربازییەکانی خۆی دەگرێت و دروســتکردنی کودەتای ســەربازی ناچێتە چوارچێــوەی کارەکانییەوە، موکــەڕەم وای دەبینێــت کە لە چوارچێــوەی ئەم بەرە نیشتیمانییە یەکگرتووە لەچاوتروکانێکدا پۆلیس لەگەڵ میللەت ئاشت بۆوە و ئەو گرێیە تواوە کە لە پێوەندییاندا هەبــوو بە هیمەتی لاوانی پۆلیس کە ئاراســتەی خۆی ڕاســت کــردەوە و توانی بێلایەنی خــۆی بپارێزێت و لە یەك ئاســتدا لە هەموو هێزە سیاســییەکانەوە نزیکە وەك ئەوەی لە هەموو دیموکراتییەکانی جیهاندا هەیە، چونکە ئێســتا زەحمەتە دەســەڵاتدار وەك دارەدەســتە بەکاری بهێنێت بۆ پێشــێل کردنی مافەکانی مرۆڤی میســری و ئازادییە تایبەتی و گشــتییەکانی بخاتە ژێرپێوە، ئەم گۆڕانکارییە ڕیشــەییەی کە بەسەر دەزگای پۆلیس و ئەرکەکانیدا هات یەکێکە لە بەرهەمەکانی شۆڕشی ٣٠ یۆنیۆ، چونکە پۆلیسی خستە چوارچێوەی ئەنجامدانی ڕۆڵی ڕاســتەقینەی خۆی وەك دەزگایەکی نیشتیمانی بۆ پاراســتنی یاســا لە دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراتی یاســایی کە ئەحکامەکانی یاسا بەسەر هەموو تاکەکاندا جێبەجێ دەکات و میسرییەکان یەك دەخات لە بەرەیەکی یەکگرتوو دەرگاکانی بەردەم گەڕانەوەی ســەقامگیری بۆ وڵات واڵا دەکات، لە هەمــان کاتدا دەرفەتی بەردەم شەمشــەمە کوێرەکان بەر تەسك دەکاتەوە بۆ یاری کردن بە ئاسایشی نیشتمانی و دەرفەت بۆ هەموو میسرییەکان




**موکرەم محەمەد ئەحمەد:**
**ئەم شۆڕشە دەسپێکێکی تازەیە بۆ ڕاستکردنەوەی شۆڕشی ٢٥ ینایرو وڵاتی میسر دەباتە قۆناغێکی نوێی سەقامگیری و دیموکراتیەت و بونیادنانەوە بە مەرجێك میسرییەکان پێکەوەژیانی نیشتمانی خۆیان دەست پێوەبگرن**

دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی تواناکانی خۆیان بخەنە روو و رەوڕەوی بەرهەمهێنان دەخاتەوە گەڕ بەهێز و خرۆشێکی زیاترەوە، لەگەڵ ئەمەش خۆنیشاندانی چینایەتی کەم دەکاتەوە، چونکە هەموو لایەك گەیشتوونەتە قەناعەت کە میسر پێویستی بە هەندێك لە ئارام گرتن و هێمنی هەیە، هەروەها متمانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئابووری نیشتیمانی و دەرگاکانی وڵات دەکاتەوە لەبەردەم وەبەرهێنانی نیشتیمانی و عەرەبی و بیانی و ڕۆڵی سەرکردایەتی کردنی و پێگەی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی دەگێڕێتەوە، هەروەها پێوەندییەکانی میسر لەگەڵ جیهانی عەرەبی راست دەکاتەوە کە لە سایەی سیاسەتەکانی ئیخوان تێکچووبوو، بەمەش دووبارە میسر دەبێتەوە هێزو پێشکەوتن، کە پاشکۆیەتی و دابەش بوون و جەمسەرگیری ئایینی و سیاسی و تائیفی رەت دەکاتەوە، هەروەها پەرەسەندن بەسەر جەماعەتی ئیخواندا روودەدات کە بۆ ماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵی رابردوو مەتەڵێکی زەحمەت بووە لە هاوکێشەی سیاسی میسری، دوورخستنەوەی زەحمەتە، چونکە بەشێکی بەهێزوعەقیدەیی رێکخراوە، لە هەمان کاتدا سیاسەتەکانیشی قبوڵ ناکرێن کە رووە تاکڕەوی و دەستبەسەر دەسەڵات و کۆنترۆڵ کردنی هەنگاو دەنێن، بەڵام ئەوەی نوێیە ئەوەیە کە رووداوەکانی ٣٠ یۆنیۆ رووی راستەقینەی ئیخوان بۆ گەلی میسر ئاشکرا بوو دوای ئەزموونی کەمتر لە یەك ساڵ حوکمڕانی، لەم ماوەیەدا هەموو جەماوەرێتی و مسداقیەتی خۆی لە دەستدا و ئیخوان موسلمین وەك حزب و جەماعەتێکی سیاسیی کۆتایی هات، کۆتایی هات وەك گرفتێکی ئەمنی کە بە کردنەوەی گرتووخانە و زیندانەکان چارەسەر بکرێت، چونکە متمانەی زۆربەی گەلی میسری لە دەستدا دوای ئەوەی ئامانجە راستەقینەکانی بۆ روون بۆوە، پێموایە بە لایەنی کەمەوە پێویستی بە نیو سەدەی دیکە هەیە بۆ ئەوەی هەندێك متمانە بگەڕێنێتەوە، ئەگەر مەنهەجی خۆی گۆڕی بە بیرکردنەوە و شێوازەکانی لە گرتنە دەستی دەسەڵات وئەو دووڕوویییەی کە دەرفەتی کار کردنی نهێنی پێدا بوو لەژێر پەردەیەکی ساختەی بانگەوازی ئایینی، پێشبینیش دەکرێت کە کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین خۆی دەخواتەوە لە پرۆسەیەکی حیساب و پێداچوونەوەی گشتی کە زۆر دواناکەوێت، چونکە ئەو شکستەی کە دووچاری بۆوە بەبێ لێپێچنەوەی ناوخۆیی تێپەڕ نابێ و هەموو سەرکردەکانی دەگرێتەوە هەر لە مورشدی گشتی و جێگرەکەی کە هانی توندوتیژی و دەستگیرکردن و شەبیحە دەدا و هەستان بە ترساندنی میللەت بەشێوەیەك کە بە زیندوویی دەمێننەوە لە هزری میسرییەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، ئاساییە کە لێپرسینەوە رێکختنی نێودەوڵەتی ئیخوان بگرێتەوە، چونکە ئەم هەڵە گەورانەی ئیخوان لەمیسر تێیکەوتن دەبێتە هۆی تەسك بوونەوەی جەماوەری بوونی ئیخوان لە ناو هەموو وڵاتانی عەرەبیدا بەتایبەتیش لە تونس و تورکیاو سۆدان، بە تایبەتیتر لەو کاتەوەی ئیخوانەکانی میسر تێوەگلاون لەپیلانی خۆهێشتنەوەیان لە دەسەڵاتدا، بە عینادی لەگەڵ گەلی میسردا، ئەم ئیخوانانە توانییان هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمەریکاو ئیسرائیل ببەستن و میسریان کردە پاشکۆی ئەوان، هەروەها زۆر هاوپەیمانی تر کە زیانی بە ئاسایشی نەتەوەیی میسر دەگەیاند بە تایبەتی کاتێ لەگەڵ گرووپە سەلەفیە جیهادیەکان دەستیان تێکەڵ دەکرد، ئەو گرووپانەی چالاکیەکانیان لە سینا هەڕەشەبوون بۆ ئاسایشی نەتەوەیی میسری، بە شێوەیەك تا ئێستاش نهێنیەکانی پشتەوەی ئەو هاوپەیمانیەتیانە وەك مەغزای شاراوە ماونەتەوە، بە دڵنیایی ئمانەش لە پاش کەوتنی فەرمانڕەوایەتی ئیخوان ئاشکرا دەبن، بەم هۆیەوە تا ئێستاش گرووپی ئیخوان توندوتیژی لە ناوچە هەمەجۆرەکانی میسر ئەنجام دەدەن، وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لە جەماوەری بێشوماری میسری کە فەرمانڕەوایەتی ئەوان ڕەتدەکەنەوە،میسرییەکان بە تەنیا خۆیانن کە بتوانن شۆڕشەکەیان بپارێزن، لەم بارەیەوە موکرەم محەمەدئەحمەد سەبارەت بە ٣٠ یۆنیۆ دەڵێت :ئەوە دەسپێکێکی تازەیە بۆ ڕاستکردنەوەی شۆڕشی ٢٥ ینایرو میسر دەباتە قۆناغێکی نوێی سەقامگیری و دیموکراتیەت و بونیادنانەوە بە مەرجێك میسرییەکان پێکەوەژیانی خۆیان دەست پێوەبگرن و بوارو دەرفەت بدەنە لاوەکانیان و چاو بخشێننەوە بەو هەموو دەسەڵاتانەی دەستووری میسری بە سەرۆکی دەبەخشێت و دەیخاتە سەروو هەموو دەسەڵاتەکانەوە بە شێوەیەك دوو قۆناغ لەسەر یەکتری دیکتاتۆریەتی بەرهەم هانیوە و تێکەڵ بە ناو هەردوو دەسەڵاتی دادوەری و تەشریعی کردووەو بە خراپ دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەکارهێناوە پاش ئەوەی ڕووداوەکانی یۆنیۆ سەلماندیان کە میسرییەکان گەلێکی مەزنن بە هەوانتە کەس ناتوانێ گەمە بە چارەنووسیان بکات و هەڵیانبخەڵەتێنێت، مافی ئەم گەلەیە دیموکراتیەتی تەواوی بێ هیچ کەموکوڕی بە نسیب بکرێت، مافی خۆیانە دەستوورێکی تازەی وا بەرهەم بهێنرێت مەحاڵ بێت دیکتاتۆریەتی نوێی تێدا دروست بێت..

میسر پێویستی بە هەنگاوی زۆرە تا قۆناغی ئێستای تێپەڕێنێت بۆ ئەوەش پێویستی بە پشتگیری دەرەکییە ڕەنگە بتوانێت ئەم پشتگیرییە لە سعودیە یان ئیمارات وەربگرێت کە پێشوازییان لە خستنە خوارەوەی مورسی دەکرد، لە ژێر تیشکی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی سەر زەمین بۆ لەمەودوا مامەڵە لەگەڵ ئەمەریکاو هێزە نێودەوڵەتیەکانی تری میسر پاش بارودۆخی نوێی میسر دەکرێت

**دوای زۆربوونی گرفتە داراییە درێژخایەنەکان بەشێوەیەکی ترسناک لە دوای هەڵبژاردنی مورسی بەر لە ساڵێک، حکومەت نەیدەتوانی پێداویستی زۆربەی میسرییە هەژارەکان و خاوەن داهاتە دیاریکراوەکان و چینی ناوەند دابین بکات**

# هەڵبژاردن بەتەنیا شەرعییەت ناداتە هیچ رژێمێک



ئاسۆ کەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەر لەوەی هیچ کۆمێنتێ لە بارەی ئەو «پەرەسەندن»ەی لە میسر روویدا بدەم، ئاخاوتنێکی رەحمەتی مەسعود محەمەدم دێتەوە بیر کە بە وڵاتانی ئەم ناوچەو دەڤەرەی ئێمەی دەگوت: «جیهانی سەدو سێ» لە بری «جیهانی سێ». نکوڵی ناکرێ لەم وڵاتانەدا، دامودەزگای دەستووریی شەرعی و چاودێریی کارا و رێزگرتن لە رێسا و بنەماکانی بەناو گەمەی دیموکراتی، یان ئەوەتا لە حوکمی نەبووندان، یان ئەگەر هەشبن، رواڵەتی و ناچیزەو نابودو ناکاران. ئەو شێوەو ستایلەی حوکمڕانی پەراوێزێکی کەمی بۆ خەونی «دیموکراتیزەکردن و بە مەدەنیکردن»ی دەوڵەت و کۆمەڵگە هێشتۆتەوەو هەندەی چاو لەسەر «کەسایەتیی سەرکردەکان»ە، نیو هەندە لەسەر «دامودەزگاکان» نییە. لەگەڵ ئەو، بەدبینییەی منیشدا، میللەت لە رەعیەتبوون دەرچووەو پرۆسەیەك دەستی پێکردووە...

محەمەد مۆرسی، بەربژێری پارتی ئازادی و دادپەروەری «تۆ بێژە ئیخوان» لە دوای سەرکەوتنی راپەڕینی ٢٥ی ینایەر، لە ٢٠١٢/٦/٢٤ بە رێژەی (٥١,١٣٪)ی ئەوانەی دەنگیان دابوو، بووە سەرۆك ((رێژەی دەنگدەران ٤٩,٧٪ بوو لە کۆی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو))، لێ بە «کودەتای سەربازی» لە ٢٠١٣/٧/٣، نەك وەك دەڵێن بە «مایەی خۆتێکردنی سوپا» لە سەر کورسیی حوکمڕانیی هێنرایە خوارێ.

شایەد، مۆرسی لە ماوەی (١)ساڵ حوکمڕانیی خۆیدا:

- بەڵێنە زۆرەکانی خۆی ((٦٤ بەڵێن)) پێ نەبرابێتە سەر کە لە ساتەوەختی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بە خەڵکی دابوون،
- هەڵەو پەڵەی گەورەی کردبێ و گوێی لە بەرەی عەلمانی و لیبراڵیی وڵاتەکەی رانەگرتبێ و دڵی هاوپەیمانەکانی خۆی شکاندبێ،
- بلەز هەوڵی «بەئیخوانکردن»ی دامودەزگاکانی دەوڵەتی دابێ و زۆر شایەدیی دیکەش،

راستە مۆرسی نەشیا، رێژەی کورتهێنانی بودجە (١١,٤٪)، رێژەی بێکاری (١٣,٢٪)، رێژەی هەژاری و نەداری (٢٥,٢٪) کەم بکاتەوە و هەنگاو بە ئاقاری چارەسەری گرفتەکانی نان و تەناهی و هاتوچۆ و نیشتەجێبوون و تەندروستی و پاك و خاوێنی... هەڵێنێتەوە، بەڵام پیاو هەق بڵێ، ساڵێکیش بۆ حوکمڕانیش پێوەر نییە!

راستە پرۆژە دەستوورێکی خستە راپرسییەوە کە قیبتییەکان و هێزە عەلمانی و لیبراڵەکان پێی نیگەران بوون، راستە دەستوور بە (٦٣,٨٪)ی ئەوانەی دەنگیان دا، پەسندکرا، بەڵام (٦٧٪)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیشیان هەبوو، نەچووبوونە راپرسییەکەوە، ئەوجا حیسابی خۆت بکە!

بەڵام کودەتا نەك هەر چارەسەر نییە، کارێکی تا بڵێی نامەدەنی و ئەنتی دیموکراسیشە. ئاخر ئەو کودەتا سەربازییە، گورزێکی پشتشکێنی لە پرۆسەی مەدەنی و دیموکراتی نەك هەر لە میسر، بەڵکە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناڤینیش دا.

راستە، بەتەنیا هەڵبژاردن رەوایی ناداتە هیچ رژێمێك و تاکە کۆڵەگەی دیموکراسی نییە، بەڵکە بنەماگەلێکی تریش هەن کە دەبێ هەر رژێمێك بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێ و شەرعیەتی هەبێت، پێڕەوی لێ بکات، بەڵام هەڵەو چەوتییەکانی مۆرسی و ئیسلامی سیاسی نابنە پاساو بۆ هیچ کودەتایەکی سەربازی...من لێرەدا، شین بۆ مۆرسی و ئیسلامی سیاسی ناگێڕم. بەڵام تەنیا بۆ بەراوردو دەبل ستانداردی دنیای پێشکەوتوو، نموونەیەکی هاوشێوە لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوو و لە جیهانی مەسیحینشیندا دێنمەوە. لە هایتی کە دەوڵەتێکی ئەمریکای خوارووە، لە (ئەیلوولی ١٩٩١)دا، سوپا کودەتای بەسەر سەرۆکی هەڵبژێردراودا کرد (جان برتران ئەرستید بە رێژەی ٦٧٪ لە ئەیلوولی ١٩٩٠ بە سەرۆکی هایتی هەڵبژێردرابوو، بۆ زانین ئەرستید، کاهینێکی کاتۆلیك مەزەب بوو). پاش کودەتاکە سەرۆکی کودەتا بەسەرکراو بەناچاری هایتی جێهێشت و هەڵات. بەڵام ئەمریکا و ئەنجوومەنی ئاسایشی UN زوو بە زوو فشاریان خستە سەر کودەتاچییەکان. ئەمریکا لە سەردەمی بیل کلنتۆن دا، بەزەبری هێز سەرۆکی لەسەرکارلادراوی گەڕاندەوە سەر کورسیی حوکمڕانی (لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی ١٩٩٤)!

بەهەر حاڵ، بەگوێرەی قانوونی کارو کاردانەوە، زەبروزەنگ و توندوتیژی هەر کێ پیادەی بکات، زەبروزەنگ و توندوتیژیی بەرهەمهێناوەو بەرهەمدێنێ. خستنە دەرێ ئیسلامی سیاسی لە گەمەی دیموکراسی، رادیکاڵتری دەکات و ئیدی ناوچەکە بێ ئافات بێ!

# میسرو دامەزراوەی سوپاو ئیخوان



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی سەرۆکی میسر محەمەد مورسی لەسەر دەستی سوپا، چەردەیەك پرسیار دەربارەی چەند بابەتێکی گرنگ دەوروژێنێ لەوانە رۆڵی سوپا لەسیاسەتدا لەسەردەمێکدا کە بەقەد جاران پشتگیری لەدەستتێوەردانی سوپا لەکاروباری سیاسەت ناکرێ‌ء تێیدا ئەو بۆچوونە زاڵە کە سوپا دامەزراوەیەکی دەوڵەتەو هیچ رۆڵێکی لە پرۆسەی دەستاودەست کردنی دەسەڵاتدا نییە.

هێشتا میسرییەکان لەسەر پێناسەی ئەو کارە کۆك نین کە سوپا ئەنجامی داوەو هێشتا لەناوخۆی میسر ئەوە یەکلا نەبۆتەوە کە ئاخۆ کارەکە کودەتایە یان دەستتێوەردانە. دامەزراوەی سوپای میسر زۆر بەلایەوە گرنگە کە کارەکەی بەکودەتا ناو نەبرێ، بەڵام کێشەکە لەوە دایە کە جیاوازیی نێوان کودەتاو دەستتێوەردان جیاوازییەکی زۆر نییە، بەتایبەتی کاتێك مەسەلەکە دەگاتە رادەی دروست کردنی کاریگەری لەسەر پرۆسەی دەستاودەست کردنی دەسەڵات. دامەزراوەی سوپا لەهەوڵدایە فریاکەوتنی نیشتمان بکاتە بیانوو بۆ دەستتێوەردانەکەی. بەڵام رۆژئاوا بەگشتی هێشتا بەنیگەرانییەوە دەڕوانێتە خۆتێهەڵقورتاندنەکەی سوپای میسرو هێشتا بڕیاری نەداوە بەکودەتای بژمێرێ. رۆژئاوا لەبەر هەستیاریی دۆخی ناوچەکە هەروەها لەبەر رابردووی کۆلۆنیالیستییانەی خۆی لەناوچەکەدا، دوودڵە لە پشتگیری کردنی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە سەرچاوەکەیان دەستتێوەردانی سوپایە. هەڵوێستی تورکیا لەم رووەوە رونترە. ئەنکەرە بەبێ دوودڵی مەسەلەکەی بەکودەتا ناو بردووەو پێناخۆشبوونی خۆی بەلابردنی مورسی نەشاردۆتەوە. رەنگە ئەم هەڵوێستەی تورکیا پەیوەندیی بەدوو فاکتەرەوە هەبێ. یەکێکیان، سلأ کردنەوەی پارتی دادو پەرەپێدانە لە مەسەلەی کودەتا کە تاڕادەیەکی زۆر لە تورکیا، بەهەولأء کۆششی ئەم حزبە، سنووری بۆ دانراوەو ئەنکەرە دەترسێ ئەوەی لە میسر روویدا، ببێتە مایەی بزواندنی ئارەزووی کودەتاخوازانەی لەڕیشەهەڵنەکێشراوو متبووی سوپای تورکیا. هۆی دووەمیش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەنکەرە میسری ئیخوانی بەقوڵایی ستراتیجیی «ئایدیۆلۆژیی» خۆی زانیوەو بەو ئومێدەوە بووە کە پاش روخانی رژێمی ئەسەد لە سوریا، تەوەری ئەنکەرە- قاهیرە- قەتەر بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێك بێنێ. بۆ ئەنکەرە، رووخانی مورسی دەشێ زیانێکی گەورە لە پرۆژەی عوسمانیزمە نوێیەکەی بدا. پێشوازیی سعودیە لە رووخانی مورسیء پێناخۆشبوونی تورکیا لەم کارە، دەشێ وەك ئاماژەیەك بۆ فراوانبوونی دەلاقەی نێوان ستراتیجی سعودیەو ستراتیجی تورکیا لە ناوچەکە سەیر بکرێ.

دەستتێوەردانەکەی سوپای میسر مەسەلەیەکی تر دێنێتە پێش کە پەیوەندیی بەڕۆڵی سوپاوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا سوپا مافی ئەوەی هەیە لەدەسەڵاتێکی هەڵبژێردراو هەڵگەڕێتەوە؟ ئەگەرچی ناکرێ هەڵگەڕانەوەی ساڵی ١٩٧٣ی سوپای چیلی لەدەسەڵاتی هەڵبژێردراوی سەرۆك سلڤادۆر ئالیندی بەهەڵگەڕانەوەی سوپای میسر لەدەسەڵاتی سەرۆك محەمەد مورسی بچوێنرێ، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو هەڵگەڕانەوە ئەوەیە کە هەردوو دامەزراوەی سوپا لەدەسەڵاتێکی هەڵبژێردراو هەڵگەڕاونەتەوە.

دەستووری میسر کە ئیخوانەکان دەنگیان پێ داوە، گەل دەکاتە سەرچاوەی دەسەڵاتەکان. ئەوەی راستی بێ، هەر ئەم ماددەیەشە کە دامەزراوەی سوپا بۆ هەڵگەڕانەوەی لەدەسەڵاتی مورسی پشتی پێ بەستووە، چونکە لێشاوی ملیۆنەها هاووڵاتی لەشەقامەکاندا لە ٣٠ی مانگی رابردوو وا خوێندرایەوە کە گەل دەسەڵاتی لە مورسی داماڵیوەو چیتر بەسەرۆکی هەڵبژێردراوی خۆی ناناسێ. ئەمەش وا لێك دراوەتەوە کە دامەزراوەی سوپا ویستی گەلی هێناوەتەدی. بەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی تر دێنێتە پێش ئەویش ئەوەیە کە ئایا دەستتێوەردانی لەلایەن گەلەوە پشتگیریلێکراو لەڕووی یاساییەوە متمانەو رەوایی پێ دەبەخشرێ؟ هۆی ئەو تەمومژەی لەم رووەوە هەیە، دەچێتەوە سەر ئەوەی کەسیستمی سیاسی- یاسایی لەهەر وڵاتێکدا زۆربەی کات بەدەستتێوەردانی سوپا سەقامگیر نابێ‌ء زۆربەی کات دامەزراوەی سوپایی سیستمێکی حوکمڕانیی دیموکراتی بەرهەم نەهێناوە. بەڵام ئەوەی کە دادی دەستتێوەردانەکەی دامەزراوەی سوپایی میسر دەدا ئەوەیە کە مێژووی سیاسیی سوپای میسر لە بزووتنەوەکەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەحمەد عورابییەوە سوپای وەك دامەزراوەیەکی نیشتمانی هێشتۆتەوە. لە دەستتێوەردانی ئەمجارەشدا دامەزراوەی سوپا شتێکی وای نیشان نەداوە کەهەڵپەی دەسەڵاتێتی، لانی کەم لەم گۆشە نیگایەوە کە سەرەڕای لابردنی سەرۆکی کۆمار، مەسەلەکە نەگەیشتۆتە رادەی دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا، بەتایبەتی کە سوپا بەنیازە دەسەڵات بداتەوە بەمەدەنییەکان. ئەمەش بەدڵنیاییەوە هەم لەبەرژەوەندیی میسرییەکاندایە هەم لەبەرژەوەندیی خودی دامەزراوەی سوپادایەو هەر ئەمەشە وای کردووە بەمجۆرە سەیری مەسەلەکە بکرێ کەخۆتێهەڵقورتاندنەکەی سوپای میسر لەدەستتێوەردان واوەترەو لەکودەتا کەمترە.

# تورکیا لەناو گێژاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەیری ئەوروپا دەکات



پێگەی جوگرافی تورکیا بەوجۆرە هەڵکەوتووە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەیری دەکەیت وەك وڵاتێکی ڕۆژئاوایی دەردەکەوێت و ئەگەر لەڕۆژئاواشەوە سەیری بکەیت وەك وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەردەکەوێت، بۆیە تورکیا ئەگەر بە دەوڵەتێکی موسڵمانی ڕۆژهەڵاتی لە قەڵەمبدرێت بۆ ڕۆژئاوا بایەخێکی گرنگی هەیە و ئەگەر بە دەوڵەتێکی ڕۆژئاوایش لە قەڵەمبدرێت دیسان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگە، لەم چوارچێوەیەدا تورکیا هەم لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵات وەك دەوڵەتێکی میحوەری سەیری دەکرێت، هەم بۆ ڕۆژئاواو پێکەوە گرێدانەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش پێکەوە، دیسان بۆ ڕۆژئاوا بایەخی خۆی هەیە.

زۆر لە چاودێرانی سیاسی لەسەروبەندی خۆپیشاندانەکانی پارکی جیزی لە ئەستەنبوڵ، شرۆڤەیان بەو ئاراستەیە دەکرد کە بەهاری تورکیا دەستی پێکرد، بەڵام لەماوەیەکی کورتدا دەرکەوت کە ئەو خۆپیشاندانانە ئاکامی شکستی پارتی داد و گەشەپێدان نییە، بەڵکو باجی سەرکەوتنە ئابوورییەکانی تورکیایە کە لەسەر دەستی حکومڕانی ئەو حزبە لە ساڵانی رابردوو بەدەستی هێناوە، هەروەها باجی ئەو کرانەوەیە کە تورکیا لەبواری دیموکراتی و چارەسەری کێشەی کورد هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە.

بێگومان ئەم خوێندنەوەیە بەو مانایە نییە کە خۆپیشاندەرانی ئەستەنبوڵ لەسەر تێکدانی پارکی جیزی هەقی خۆیان نەبووە، لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی ئەم پرسە ڕووبەڕووی دادگا کرایەوە، دادگاش ئەو مافەی بە خۆپیشاندەراندا کە دەبوو حکومەت لەسەر ئەو پرسە




**دوای ڕووداوەکانی ئەستەنبوڵیش وەک ڕاپرسیەکان دەریانخستووە هێشتا نیوەی زیاتری خەڵکی تورکیا ئامادەن دەنگ بە پارتی داد و گەشەپێدان بدەن**

ڕای خەڵکـــی وەربگرتایە، بۆیـــە گۆڕینی ئەو پارکەی ڕاگرت، بۆیە لێرەوە مەبەســـت لەم خوێندنەوەیە ئەوەیە کە خەڵکی ئەستەنبوڵ لەبەر بێکاری و هەڵاوسانی ئابووری نەڕژانە سەر جادە وەك ئەوەی لە وڵاتانی عەرەبی بینمان، بۆیە ئەوەی لە ئەســـتەنبوڵ ڕوویدا زیاتـــر بەکارهێنانی ســـۆزی خەڵك بوو بـــۆ دژایەتی کردنـــی حزبێك کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەشدا مەزندەی زۆربەی چاودێران بەو جۆرەیە نەك هەر زۆرینەی دەنگەکان دەباتەوە، بەڵکو مەزندەی ئەوە دەکرێت نیـــوەی زیاتری دەنگەکان بێنێت و بەتەنیا حکومەت دروســـت بکات، دوای ڕووداوەکانی ئەستەنبوڵیش وەك ڕاپرسیەکان دەریانخستووە هێشتا نیوەی زیاتری خەڵکی تورکیـــا ئامادەن دەنگ بە پارتی داد و گەشەپێدان بدەن.

**لە سفر کێشەوە**
**بۆ گێژاوی قەیرانەکان**

تورکیا لەسەردەمی پارتی داد و گەشەپێدان سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەســـەر بنەمای ســـفرکردنەوەی کێشەکانی لەگەڵ دراوسێکانی دارشـــتەوە، بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەوە، ئێســـتا تورکیا بێجگە لە هەرێمی کوردستان، کێشەی لەگەڵ هەموو دراوسێکانی هەیە، دروستبوونی ئەم کێشانەش نەك وایکردووە ستراتیژیەتی سیاسەتی سفرکردنی کێشـــەکان ئاڵۆزی تێبکەوێت، بەڵکـــو لەهەندێك بواردا بە تایبەتی لەگەڵ کێشـــەی ســـوریا خـــۆی خەریکە دەبێتە بەشـــێك لە کێشـــەکە و پەلکێش کراوە بۆ ناو کێشەیەك کە خۆی خوازیاری ئەو کێشەیە نییە، هەر بۆ نموونە مانگی ڕابردوو بە هۆی تەقینەوەکانی شـــاری ڕێحانە ئاڵۆزی بۆ



**جەنگیز چاندار بۆ گوڵان: به گوێرەی ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیا ڕوویانداوە زەحمەتە تورکیا بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ لە چارەسەرکردنی کێشەکە**

دروست بوو و لە کێشەی پارکی جیزیش زۆر لە چاودێران پێیانوابوو ئەم کێشەیە ڕەهەندێکی تائیفی عەلەوی هەیە و لەژێر کاریگەری سوریا و وڵاتانی دراوسێی دیکەی تورکیا هاندراون، بۆیە لەم حاڵەتەدا تورکیا دەبێت لەهەمبەر ئەم کێشانە هەڵوێستی خۆی هەبێت، کە هەرە گرنگەکەیان کێشەی سوریایە کە ئێستا تورکیا بۆتە باوەشێك بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئەمەش هێندەی دیکە میحوەری سوریا و ئێران و ڕوسیای لە تورکیا نیگەران کردووە، لەبەرامبەریشدا لەبەر ئەوەی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوای ناتۆ لەبەر چەندین هۆکار هەوڵی جددیان نییە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی سوریا و لابردنی ڕژێمی ئەسەد، ئەوا تورکیاش ناتوانێت تاکلایەنە یان لانی کەم بەبێ پشتگیری ناتۆ هەنگاوێکی لەم جۆرە هەڵبگرێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە جەنگیز چاندار ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورکیا کرد، ئەویش بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (لە ناوەوەی تورکیا چەند شەپۆلێکی خۆپیشاندان ڕوویدا. ئێستاش لەمیسر ئەو گۆڕانکارییە ڕوویداوە و محەمەد مورسی لابراوە، لە سوریاش ڕژێم چەند سەرکەوتنێکی بەدەست هێنا بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن. ئەمریکاش لەو شوێنە نەوەستا کە پێشتر تورکیا دەیویست و لەگەڵ ڕوسیا کەوتۆتە گەڕان بەدوای ڕێگە چارەیەك بۆ کێشەی سوریا. بۆیە لەم قۆناخەدا پێویستە بڕیاردەران لە تورکیا کۆببنەوە و ئەم دۆخە هەڵبسەنگێنن. بە گوێرەی ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیا ڕوویانداوە، زەحمەتە تورکیا بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ لە چارەسەرکردنی کێشەکە. بەڵام ئەگەر پێداچوونەوەیەکی زیاتر بە سیاسەتی خۆیدا بکات لەهەمبەر چارەسەری کێشەی کورد و پەیوەندی خۆی لەگەڵ کوردەکانی سوریا باش بکات کە ئەمەش پەیوەندی بە چارەسەری کێشەی کورد لەناوخۆی تورکیا هەیە، ئەوا لەم بارودۆخە دەتوانین مەزندەی ئەوە بکەین تورکیا دەتوانێت لەچارەسەری کێشەی سوریاش ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت. بەڵام لە ئێستا ناتوانێت، بۆیە تا بارودۆخی میسر جێگیر نەبێ و تا ئەو بارەی کە لە ئیستانبول و شارە جیاجیاکانی تورکیا هەزم نەکرێت، نواندنی هەڵوێست بەرامبەر بە سوریا لە چوارچێوەی عەقڵدا نییە، بۆیە دەڵێم دەبێ هەناسەیەك وەرگرێت و پاشان بارەکە هەڵبسەنگێنن)).

ئەگەر سەیری گوتەکانی جەنگیز چاندار بکەین، هەست دەکەین گێژاوی قەیرانەکانی ناوچەکە چەند کاریگەری لەسەر ڕەوتی سیاسەتی تورکی هەیە، لەمەشدا گۆڕانکارییەکانی میسر پاش ڕووخانی موحەمەد مورسی و کاریگەری بەسەر سیاسەتی تورکیا دەبێت، لەسەر ئەم کاریگەرییە پرسیارمان لە حوسین گویلرچە ڕۆژنامەنووس و شرۆڤەوانی سیاسی لە ڕۆژنامەی زەمانی تورکی کرد، ئەویش بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:( بەرای من تورکیا پێیەکی لە ڕۆژئاوایەو پێیەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جوگرافیای دەوڵەتانی ئیسلامیدایە. ئەمەش مانای ئەوەیە تورکیا ناتوانێت هەنگاوێك بەرەو ڕۆژئاوا هەڵبگرێت سەیری ڕۆژهەڵات نەکات و بەپێچەوانەشەوە، ئەمە وایکردووە ناکرێت تورکیا نەوەك دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتی تەواو یان ڕۆژئاوای تەواو سەیر بکرێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری ڕۆڵی تورکیا بکەین لە چارەسەری کێشەی سوریادا ئەوا تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سوریا، نابێت ڕووبەڕووی سوریا ببێتەوە. واتا نابێت وا نیشان بدرێت کە کێشەی سوریا تەنیا کێشەی تورکیایە. دەبێ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو نەتەوە یەکگرتووەکان لە چارەسەر بگەڕێت)).

بەڵام وێڕای ئەم بایەخەی تورکیا لەناوچەکە و ڕۆڵی لەم



قەیرانە گەورەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا زۆر لە چاودێران پێیانوایە لەم بارودۆخەدا کە تورکیا ناتوانێت سیاسەتی سفر کێشە لەگەڵ دەرەوە پیادە بکات باشترە لەناوخۆدا سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشەکان پیادە بکاتەوە.

**ستراتیژیەتی سفر کێشە**
**بۆ سیاسەتی ناوخۆی تورکیا**

ئەگەر هەنگاو هەڵگرتن بۆ نەهێشتنی کێشە ناوخۆییەکان لەتورکیا ببێتە ستراتیژ، لە هەمووشیان گرنگتر چارەسەری کێشەی کورد کە ئێستا کرانەوەیەك دروست بووە لەسەر ئەم پرسە و حکومەت دیالۆگی لەگەڵ پەکەکە دەست پێکردووە، ئەوا تورکیا دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەرتر لەسەر ئاستی ناوچەکە بگێڕێت، هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرە

که جەنگیز چاندار لەم لێدوانەی بۆ گولان بە شەراکەتی ستراتیژی ناوی دەبات و ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گۆڕانکارییەکان هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئەم شەراکەتە ستراتیژییە نابێت، هەست دەکرێت جگە لەوەی بۆ بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەولێر و ئەنکەرا زۆر گرنگە، لەهەمانکاتدا بۆ پرۆسەی کرانەوە لەسەر کێشەی کورد ڕەنگدانەوەی گەورەی هەبووە و هاندەرێك بووە بۆ حکومەتی تورکیا بۆ ئەوەی بتوانێت هەنگاوی بوڵر و گەورە هەڵبگرێت، ئەوەتا ئێستا هەردوولا پەکەکە و حکومەتی تورکیا هەنگاو بەهەنگاو دەچنە پێشەوە. سەبارەت بەم لایەنە جەنگیز چاندار بە گوڵانی ڕاگەیاند: (سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، گومانی تێدانییە تورکیا وەك شەریکێکی ستراتیژی




سەیری هەرێمی کوردستان دەکات. ئەم گۆڕانکاریانەی لەناوچەکە و تورکیا ڕوودەدەن، هیچ کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان نابێت. سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش لەتورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ڕایگەیاندووە ئەو لەپرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد پاشگەز نابێتەوە، لیرەو لەوێ گوێمان لێدەبێت لایەنی کورد ئاماژە بەوە دەکات هەنگاوەکانی حکومەت لەم پرۆسەیە بەو خێراییە نییە، بەڵام لایەنی کوردیش ڕایانگەیاندووە بە پرۆسەکەوە پابەند دەبن، ئێستا لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تورك و گوڵتەن کەشناك پێکهاتووە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە لە قەندیل بکەن، ئەوان دوای ئەوەی لەگەڵ حکومەتی تورکیا کۆبوونەوە ئینجا چوون بۆ قەندیل، بۆیە بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوەچوونی زیاتر لەم پرۆسەیە ببینین پێویستە هەندێك ئارامیمان هەبێت، ئومێدێکی زۆر هەیە و پرۆسەکە بەردەوامە و لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە هەردوو لایەنی حکومەت و لایەنی کوردی جەخت لەسەر بەردەوامی پرۆسەکە دەکەنەوە)).

لەم پرۆسەیەدا هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە هەتا پرۆسەکە دەستی پێکردووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لەدوای دەستپێکردنی ئەم پرۆسەیە هەرێمی کوردستان بۆ سەرخستنی پرۆسەکە ڕۆڵی دەبێت؟ سەبارەت بەم پرسیارە حوسێن گولیرچە جەختی لەسەر ئەوەکردەوە بۆ گوڵان: ((لەم پرۆسەیەدا کە گەیشتۆتە قۆناخی پاشەکشەی پەکەکە، خەریکە جۆرێك لە بێ متمانەیی دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی حکومەتی تورکیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تا ئێستا بە ڕێژەی ١٥٪ چەکدارانی پەکەکە پاشەکشەیان کردووە، بەڵام سەلاحەدین دەمیرتاش وەك لایەنی کوردی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە ٨٥٪ چەکدارانی پەکەکە لە شوێنی خۆیان جوڵاون، بۆیە لەم قۆناخە بەو سیفەتەی هەرێمی کوردستان پەیوەندیەکی زۆر باشی لەگەڵ هەردوو لایەنی حکومەتی تورکیا و پەکەکە هەیە، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بۆ سەرخستنی پرۆژەکە بگێڕێت)).

### چارەسەر کێشەی کورد
### کلیلێك بۆ کردنەوەی قەیرانەکان

لەناو ئەو قەیرانە ئاڵۆزەی کە ناوچەکەی پیا تێدەپەڕێت و خەریکە دەگۆڕێت بۆ ململانێیەکی مەزهەبی نێوان شیعەو سوننە، کورد لەهەر چوار پارچەکە بەشێك نییە لەو ململانێیە و بەڵکو هۆکارێکە بۆ ڕاگرتنی باڵانسی هێز و یەکلاکردنەوەی کێشەکان، هۆکاری ئەوەشی کە کورد بەشێك نییە لەو ململانێ مەزهەبیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کورد کێشەی نەتەوەیی هەیە نەك کێشەی ئایینی، بۆیە ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت بەشێوازی ئاشتیانە، ئەوا تەرازووی هێز بەلای ئەو دەوڵەتە دەشکێتەوە کە دەستپێشخەری لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا کردووە، لەمەش گرنگتر حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر پشتگیری ئەو لایەنە دەکات کە دەستپێشخەری بۆ چارەسەری ئاشتیانەی ئەم کێشە ئاڵۆز و دێرینە دەکات، لەم ڕاستە تورکیا لەناو ئەم قەیرانە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پیا تێدەپەڕێت و هەوڵێکی جدیش هەیە کە پریشکی ئەم قەیرانە تورکیاش بگرێتەوە، ئەوا گرنگە هەنگاوی خێراتر بۆ چارەسەری کێشەی کورد بنێت و هەرێمی کوردستانیش وەك شەریکێکی ستراتیژی پشتگیری لێدەکات، وەك جەنگیز چاندایش ئاماژەی پێکرد، ئەم هەنگاوە لەچارەسەری کێشەی کورد دەست پێدەکات، لەمەش گرنگتر دەرگایەکی فراوانتر بۆ تورکیا واڵا دەبێت بۆ ئەوەی خێراتر لەیەکێتی ئەوروپا نزیك ببێتەوە.



**حوسین گویلرچە:**
**تورکیا ناتوانێت هەنگاوێک بەرەو ڕۆژئاوا هەڵبگرێت گەر سەیری ڕۆژهەڵات نەکات و بە پێچەوانەشەوە**

## گەنج و سیاسەت لە کوردستاندا

# کاریگەریی وێنەکانی سیاسەت و سیاسیی لە ئینتیمای نەوەی نوێدا بۆ حزب

**(٢)**



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەم توێژینەوەیە گەڕان نییە بەدوای شیکردنەوەی تیۆرییە جیاوازەکانی سیاسەت و پشکنینی قوتابخانە فراوانەکانی زانستە سیاسیەکاندا. هەروەها تەرخان نییە بۆ گەڕان بە دوای تێۆرییە جیاوازەکانی خەیاڵدان و چۆنییەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کارکردنەکانیدا. بۆ تێگەشتن لە هەر یەکێك لەم دوو تیۆرییە، خوێنەر دەبێت کەمێك خۆی ماندووبکات و کتێبەکانی هەریەك لە مارسێل گۆشێ و سیمۆن گۆیار فابر لە سەر سیاسەت و کتێبەکانی مۆریس ئەلڤاکس و پیەر نورا لەسەر خەیاڵدان بخوێنێتەوە. ئێمە لەو شێوانەوە دەستپێدەکەین کە ئەوان کۆتاییان پێهێناوە. واتە ڕووناکی دەخەینە سەر وێنەی سیاسەت و سیاسی لە خەیاڵدانی نەوەی نوێی کوردستانیدا.

دنیای پێش ڕاپەڕین بریتی بوو لە دنیای نەوەی سەر پەتی سێدارە کە خەونی بە ئازادی کوردستانەوە دەبینی و سیاسەت و سیاسیەکانی وەك فیداکار، گیانبەخش، شەهیدی زیندوو، مرۆڤی نموونەیی، شۆڕشگێڕی گیرفانخاڵی، پاڵەوانی ئەفسانەیی وێنا دەکرد. بەڵام نەوەی پاش ڕاپەڕین، بەتایبەتی لە پاش ٢٠٠٣ وە کە ئەمەریکا دەگاتە عێراق و سەدام کۆتایی پێدێت، کە دەکرێت بەنەوەی سەر ئەنتەرنێت ناوی بەرین، خەون بە ژیانی «خۆشگوزەرانی»یەوە دەبینێت و سیاسەت و سیاسیەکان وەك ڕێگر لەبەرامبەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەرپرس لە گەندەڵی، منداڵدانی ناشیرینییەکان، دابڕاو لە کۆمەڵگە، کۆسپ لەڕێگای دابەشکردنی یەکسانانەی داهاتی نیشتمانی، بەرپرس لە بێکاری، لە ڕاوە ژن، لە ڕیفۆرمنەکردنی سیستەمی خوێندن دەبینێت.

بێگومان ئەم دەرەنجامەی کە ئێمە دەیخەینە ڕوو، لە حەز و ئارەزووی «زاتیانەی» خۆمانەوە سەرچاوەیان نەگرتووە و بەهیچ جۆرێك پێوەندی بەهەڵوێست یان جیهانبینی خودی خۆمانەوە نییە. بەپێچەوانەوە، لە چرکەی توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیدا، یەکەم کاری ئێمە بریتییە لە گەمارۆدانی خودی خۆمان لە نێوان دوو کەوانەدا بە شێوەیەك کە نەتوانێت دەستوەربداتە نێو ڕاڤەکردنی داتاکان و ئەنجامگیریەکانەوە. لێرەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە ئەو وێنە بریندارەی کە نەوەی نوێی کوردستانی بۆ سیاسەت و سیاسیەکانی لە خەیاڵدانی خۆیاندا دروستیان کردووە، لە چرکەساتی توێژینەوەی مەیدانی و لەڕێگای داتاکانەوە گوزارشتیان لێکردووە.


یەکێك لەو پرسیارانەی کە ڕووبەرووی ئەم نەوەیەمان کردوەتەوە بریتییە لەمەی خوارەوە:

ئایا دەتەوێت ببیت بە ئەندام لە حزبێکی سیاسیدا؟

لە کۆی پێنج هەزارو سێسەدو هەشتاو چوار گەنج کە بوون بە بابەتی ئەم توێژینەوە مەیدانیە، لە سەدا ٦٢ ئەندامی هیچ حزبێکی کوردستانی نین و وەك سەربەخۆ خۆیان پێناسەدەکەن. ئەم ٦٢٪ بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە:

٧٣,٥٪ کوڕان نایانەوێت لە هیچ هەلومەرجێکدا ببن بە ئەندامی حزبێك لە حزبەکان، نە ئیسلامی نە عەلمانی. ئەم ڕێژەیە لای کچان بەرزتر دەبێتەوە و دەبێت ٨٢,٩٪ کە هەموو حزبەکان و ژیانی حزبایەتی ڕەتدەکەنەوە. نەوەی نوێی نێو شار زیاتر لە نەوەی نوێی لادێکان لە سیاسەت و سیاسییەکان

تورەیە: شارییەکان ٨٠,٨٪ پێکدەهێنن، بەڵام لادێییەکان ٧٥,٦٪ پێکدەهێنن. ڕێژەی ئەوانەی کە تەمەنیان لە سەرووی ٣٠ساڵەوەیە دەگاتە ٨٥,٢٪ کە ئەندامبوون لە هەر حزبێکدا ڕەددەکەنەوە، بەڵام ڕێژەی ئەوانەی کە تەمەنیان لە ٢٠ ساڵ کەمترە تەنیا ٧٧,٦٪ پێکدەهێنن.




لەم تابلۆیەدا چەند جیاوازییەك ئامادەن، جیاوازی هەلومەرجی ژیان لە شارو لادێدا، جیاوازی سێکسی لەنێوان کچان و کوڕاندا، هەروەها جیاوازی تەمەن لە خوار بیست ساڵییەوە تا سەرووی سی ساڵی. بێگومان هەر یەکێك لەم جیاوازیانە دەتوانێت گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەتمەند دروستبکات و مەودا لەنێوان خۆی و هەر یەکێك لە گرووپەکانی دیکەدا دروستبکات. بۆنموونە کچان دەتوانن باس لە تایبەتمەندیەتی خۆیان وەك گرووپێکی تاقانەی جیاواز بکەن، شارییەکان دەتوانن لە ڕێگای تاقانەیی کەلتووریی خۆیانەوە سنووریان لە لادێییەکان جیابکەنەوە کە ئەوانیش هەڵگری کەلتوورێکی تاقانەن. هەروەها کەمتر لە بیست ساڵەکان هەڵگری سیستەمێکی تایبەت لە پراکتیکی کەلتوورین کە زۆر جیاوازە لەگەڵ سیستەمی پراکتیکی کەلتووری ئەوانەی کە تەمەنیان لەسەرووی سی ساڵییەوەیە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم جیاوازیانە، سەرەڕای ئەم هەموو کەلتوورە تاقانانە، سەرەڕای ئەم هەموو سنوورانە کە لەیەکتریان جیادەکاتەوە«کۆلکەیەکی هاوبەش» پێکەوە کۆیاندەکاتەوە کە بریتیە لە: تووڕەبوون لە سیاسەت و سیاسی، هەڵهاتن لە حزب و ژیانی حزبایەتی، بێئومێدبوون لەیەک کاتدا لە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات.

کاتێك بەدوای ڕەگوڕیشەکانی ئەم تووڕەبوون و هەڵهاتن و بێئومێدبوونەدا دەگەڕێین و دەپرسین:«ئەو هۆکارانە چین واتلێدەکەن کە نەبیت بە ئەندام لە حزبێکی سیاسیدا؟»، وەڵامەکان بە ئاراستەیەکی تاقانەدا ناڕۆن و لەچەندین ئاستدا خۆیان دەردەخەن. زۆر جار لە کوردستاندا و لەبەر تەمەڵیی فیکری و لاوازی توێژینەوەی زانستی، بە ئاسانی ڕۆژنامەنووسێك یان وردە توێژەرێك، هەموو بەرپرسیارێتیەکە دەخاتە ئەستۆی ئەکتەرێك یان گرووپێکی سیاسی و وەك تاوانبارێکی دەستنیشانکراوی هەمیشەیی دەیخاتە سەر شانۆ. کوردستانی ئێمە پڕە لەو کەسانەی کە شەو دەخەون و سبەینێ کە لەخەوهەڵدەستن، خۆیان بە دەستی خۆیان سیفەتی ڕۆژنامەنووس و نووسەرو توێژەر بەخۆیان دەبەخشن! کۆمیدیاکە لەوەدایە کە بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و تەنانەت بەشێك لەو شتانەی کە ناوی خۆیان ناوە سەنتەری توێژینەوەی زانستی، هەموو دەرگاکانیان بۆ ئەم جۆرە کەسانە دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی بەهیچ فلتەرێکی زانستیدا تێپەڕن. لەڕۆژی داهاتووتریشدا هەر یەکێك لەمانە، کە توانای نووسینی دوو دێڕی دروستیان نییە، خۆیان لێ دەبێت بە ڕۆژنامەنووس و نووسەرو توێژەری جیهانی! یەکێکە لە تراژیدیاکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بریتییە لەم تایپە نوێیەی« ڕۆشنبیر»، کە لەبەر لەرزۆکی سەرمایە ڕۆشنبیری و زانستیەکەی، خۆی بارکردووە لە سەدان مانای هاوبەش و بڕیاری پێشینەو بە گشتاندنی لێکدانەوەکان خۆی لە هەر کارێکی جددی دەدزێتەوە. بۆنموونە کەم نین ئەو کەسانەی کە سەر بەم تایپە لە ڕۆشنبیرن و لە وەڵامی پرسیارێکی ئاوادا: «ئەو هۆکارانە چین وات لێدەکەن کە نەبیت بە ئەندام لە حزبێکی سیاسیدا؟» هەموو کارەساتەکانی کوردستان دەخەنە ئەستۆی حزبێك یان ئەکتەرێکی سیاسی. بەڵام وادیارە نەوەی نوێی کوردستانی، وشیارترە لەم تایپە لە ڕۆژنامەنووس و وردە توێژەرانەی، «گوناهی» ئەم هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەی کە وایلێدەکات تووڕەبێت لە دنیای سیاسەت و سیاسیەکان، لە ئەکتەرێك یان ئاستێکدا کورت ناکاتەوە و بەسەر چەندین ئاستدا دابەشیدەکات.

بەشێوەیەکی گشتی ٤,٣٪ پێیانوایە کە خێزانەکانیان بەرپرسن لەوەی کە تێکەڵ بە دنیای سیاسەت نەبن. تەنها ١,٣٪ پێیانوایە کە قوتابخانە هەڵگری هەمان بەرپرسیاریەتیە. ئەم داتایە ئەوە دەگەیەنێت کە تائێستاش لە کوردستاندا قوتابخانە ڕێگای یەکەمی بردنەوەکان، سەرکەوتنەکان، بەهای گەورە، سەرمایەی ڕەمزی مەزن نییە. کە تا ئێستاش قوتابخانە مەڵبەندی پەروەردەو ئامادەکردنی نەوەی نوێ بۆ تێکەڵبوون بە دنیای دەرەوە نییە. لە وڵاتێکی وەك فەرەنسادا، تەواوی کاتیگۆریە کۆمەڵایەتیەکان، هەر لە سەرۆکی کۆمارەوە تا دەگاتە وەزیرێك، بەڕێوبەرێکی گشتی و تەنانەت فەڕاش و ئەو کەسەش کە ناومالْپاکدەکاتەوە و قاپدەشوات، تەنانەت چێشتلێنەرەکەش، هەموویان لە نێو حەرەمی قوتابخانەکاندا بینادەکرێن و بە کۆمەڵگە دەبەخشرێن. واتە چەند نەوەکان لە مەیدانێك لە مەیدانەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن، هێندەش وێنەی قوتابخانە لە جوانترین شێوەدا خۆی دەنوێنێت. هەروەها چەند نەوەکان شکستبێنن، هێندەش قوتابخانە بەرپرسیارەدەکرێت. گەر لە کۆمەڵگەی ترادیسیۆندا نەوەکان لەنێو کەنیسە و مزگەوتەکاندا پەروەردەکرابن، لە کۆمەڵگەی مۆدێرنیتێدا نەوەکان بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ بە قوتابخانەکان دەسپێردرێن. لە کۆمەڵگەیەکدا کە قوتابخانە ئەم بەها مەزنەی نەبێت، دەبێت پرسیاری گەورە لەسەر پێوەندی خۆی بە مۆدێرنیتێ و ترادیسیۆنەوە بکات. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نەك هەر قوتابخانە، بەڵکو زانکۆش بەهایەکی گرنگی نییە ! تەنها ٣,١٪ پێیانوایە کە زانکۆ بەرپرسیارە لە تێکەڵنەبوونیان بە دنیای سیاسەت. دیوێکی دیکەی ئەم داتایە پێماندەڵێت کە زانکۆی کوردستانی تا

**زۆرجار لە کوردستانداو لەبەر تەمەڵیی فیکری و لاوازی توێژینەوەی زانستی، بە ئاسانی ڕۆژنامەنووسێک یان وردە توێژەرێک، هەموو بەرپرسیارێتیەکە دەخاتە ئەستۆی ئەکتەرێک یان گرووپێکی سیاسی و وەک تاوانبارێکی دەستنیشانکراوی هەمیشەیی دەیخاتە سەر شانۆ**

**یەکێکە لە تراژیدیاکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بریتییە لەم تایپە نوێیەی«ڕۆشنبیر»، کە لەبەر لەرزۆکی سەرمایە ڕۆشنبیری و زانستیەکەی، خۆی بارکردووە لە سەدان مانای هاوبەش و بڕیاری پێشینەو بە گشتاندنی لێکدانەوەکان خۆی لە هەر کارێکی جددی دەدزێتەوە**

ئێستاش ئەکتەرێکی سەرەکی بیناکردنی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لای تاکی کوردی نییە. ئەمەش دەمانباتەوە سەر ئەو تێزەی کە چەندین ساڵە دووبارەی دەکەینەوە:زانکۆی کوردی نە مەڵبەندی بەرهەمهێنانی مەعریفییە نە مەڵبەندی دابەشکردنی مەعریفەیە، بەڵکو مەڵبەندی بەخشینی بڕوانامەیە. بێهودە نییە کە تا ئێستاش ئەم زانکۆیانە نەیانتوانیوە سۆسیۆلۆگێك، ئەنترۆپۆلۆگێك، پۆلیتۆلۆگێکی دانپیادانراو دروستبکەن. بێگومان ئەمە باسێکی درێژە و دەکرێت لە کات و شوێنی دیکەدا بگەڕێینەوە سەری.

هەروەها تەواو بەپێچەوانەی ئەوانەی کە هەموو تراژیدیاکانی کۆمەڵگەی کوردی دەخەنە ئەستۆی دەسەڵات، تەنها ١٩,٩٪ پێیانوایە کە خراپی دەسەڵاتی کوردی وایانلێدەکات کە تێکەڵ بە سیاسەت نەبن. ڕاستە ئەم ڕێژەیە لەچاو ڕێژەکانی دیکەدا بەرزە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە تەنانەت یەك لەسەر چواری ئەو هەزاران کەسە نییە کە بەشێوەیەکی «ئەنۆنیم/شارەوە» وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە.

هەر لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دوو «ڤاریابڵ» دەرەنجامی گرنگمان دەدەنە دەست. چی لای نەوەی نوێی کوردستانی گرنگە: جەنگی ناوخۆ کە هەزاران قوربانی لێکەوتەوە، کە شار و لادێکانی پێکەوە سووتاند، یان گەندەڵی؟ ئەوانەی کە بەرپرسیاری هەلومەرجەکە دەخەنە ئەستۆی جەنگی ناوخۆ و پێیانوایە براکوژی یەکێکە لەو ڕووداوە گەورانەی کە دەستنیشانی بیرکردنەوە، جۆری ژیان، پێوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوە، چوارچێوەکانی بوونمان دەکات تەنیا ٥,٤٪!

بەڵام ئەوانەی کە گەندەڵی وەك بەرپرسیاری یەکەم و سەرچاوەی نەهامەتیەکانمان دەبینن و پێیانوایە کە ڕووداوی مەزنی کۆمەڵگەی ئێمە گەندەڵیە ڕێژەیان دەگاتە ٢٢,٢٪ کە بەرزترین ڕێژەیە لەنێو هەموو ڕێژەکانی دیکەدا. لە کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا و پاش داگیرساندنی گڵۆپ لەسەر ئەم «موئەشیرە» سۆسیۆلۆژییە، یەکەم جەنگی ئێستا و ئێرەی حکومەت دەبێت بە ململانێی توند لەگەڵ گەندەڵیداو چەند لەسەر ئاستی پراکتیك ئەم جەنگە بباتەوە، هێندەش دەتوانێت بە ئیجابی دەستکاری وێنەی سیاسەت و سیاسیی لە خەیاڵدانی نەوەی نوێدا بکات، چەند ئەم جەنگەش بدۆڕێنێت، هێندەش ئەو وێنە سلبیەی سیاسەت و سیاسی لە هەمان خەیاڵداندا تۆخدەکاتەوە.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

**نەوەی نوێی کوردستانی، وشیارترە لەم تایپە لە ڕۆژنامەنووس و وردە توێژەرانەی، «گوناهی» ئەم هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە وایلێدەکات تووڕەبێت لە دنیای سیاسەت و سیاسیەکان، لە ئەکتەرێك یان ئاستێکدا کورت ناکاتەوە و بەسەر چەندین ئاستدا دابەشی دەکات.**

**گەر لە کۆمەڵگەی ترادیسیۆندا نەوەکان لەنێو کەنیسەو مزگەوتەکاندا پەروەردەکراین، لە کۆمەڵگەی مۆدێرنیتێدا نەوەکان بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ بە قوتابخانەکان دەسپێردرێن. لە کۆمەڵگەیەکدا کە قوتابخانە ئەم بەها مەزنەی نەبێت، دەبێت پرسیاری گەورە لەسەر پێوەندی خۆی بە مۆدێرنیتێ و ترادیسیۆنەوە بکات**

